






# کۆبەندی بەشێک لە کار و چالاکییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

# لە ساڵی ٢٠١٥


کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com





| Page : 1 | | مانگی ژانویەی : ٢٠١٥ | لاپەڕەی : ١ |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢ی ژانویەی ٢٠١٥ | پەیامی كاک خالید عەزیزی، سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكڕاتی كوردستان بەو بۆنەیەیە: بەبۆنەی ڕۆژی لەدایكبوونی حەزرەتی محەممەد پیرۆزبایی بە هەموو موسوڵمانان بە گشتیو موسوڵمانەكانی كوردستانی ئێران بە تایبەتی دەڵێم. |  |
| ٢ | ٣ی ژانویەی ٢٠١٥ | یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی ڕۆژهەڵاتی كوردستان سمینارێكی لە ژێر ناوی كۆمەڵناسیی كۆماری كوردستانو كاریگەریی لەسەر داهاتووی بزووتنەوەی نەتەوەیی بۆ ئارەش لوڕستانی بەڕێوە برد. |  |
| ٣ | ٤ی ژانویەی ٢٠١٥ | شاندێكی یەكیەتیی خوێندكارانی دیمۆكراتی كوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی كەیهان یووسفی، سكرتێری ئەو ڕێكخراوەیە سەردانیی یەكیەتی نەتەوەیی خوێندكارانی كوردیان كردو لە لایەن شاندی خانەخوێیەوە بە سەرپەرەستیی ڕەحمان سەلیمی، سكرتێری ئەو ڕێكخراوەیەوە پشێوازییان لێی كرا. |  |
| ٤ | ٥ ی ژانویەی ٢٠١٥ | ڕۆژنامەی كوردستان ژمارە ٦٤٧ ، ئۆرگانی حیزبی دیموكراتی كوردستان، بە كۆمەڵێک بابەتی سیاسی، بەیاننامە و ڕاگەییندراوە ڕەسمییەكانی حیزب، هەواڵی كاروچالاكی كومیتەی و ئۆرگان و ڕێكخراوەكانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و هەروەها جەندین وتار و بابەتی ئەدەبی، هونەر و كلتووری،یەوە كەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٥ | ٥ی ژانویەی ٢٠١٥ | شاندێكی حیزبی دێموكراتی كوردستان بە سەرپەرستیی كەریم مەهدەوی، نوێنەری حیزبی دێموكراتی كوردستان لە سلێمانی بەشداریی لە چلەی شەهید عەتای محەممەدی حاجی مەحموودا بەشداری كردو هاوخەمیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی بەو بنەماڵە سەربەرزە ڕاگەیاند. |  |
| ٦ | ٥ی ژانویەی ٢٠١٥ | بەشداری حیزبی دیموكراتی كوردستان، ڕێوڕەسمێكی ڕێز لێنان و ئێوارەخوانێک بۆ خاتوو سینەم بەدرخانی بەدەستپێشخەری هەریەكە لە بەڕێزان دكتور برنارد كۆشنێر،ی وەزیری پێشووی دەرەوەی فەڕانسە و دكتور فردریک تیسۆت،ی باڵوێزی پێشووی فەڕانسە لە هەولێر لە پاریسی پایتەختی فەڕانسە و لە ماڵی دكتور تیسیۆت ڕێكخرا |  |
| ٧ | ٧ی ژانویەی ٢٠١٥ | كۆمیسیۆنی لێكۆڵینەوەو فیركردنی حیزبی دێموكڕاتی كوردستان لەبەرەبەری هاتنەوەی ٢ ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی كۆماری كوردستان كۆبوونەوەیەكی بۆ كاک جەلیل گادانی، سیاسەتمەدارو تێكۆشەری دێرینی حیزبی دێموكڕاتی كوردستان پێكهێنا. |  |
| ٨ | ٨ی ژانویەی ٢٠١٥ | سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستان بە ناردنی پەیامێک بۆ فرانسوا ئۆلاند، سەرۆک كۆماری فەرانسە هاوخەمیی خۆی لەگەڵ ناوبراو و گەلی فەڕانسە دەربڕیوە. |  |
| ٩ | ٨ی ژانویەی ٢٠١٥ | بە بونەی ڕووداوی دلتەزێنی تێرۆریستی روژی ٧/ ١/ ٢٠١٥ی زایینی لە پاریسی پایتەختی وڵاتی فەڕانسە، لە سەر داوای كومیتەی لاوانی حیزبی سوسیال دیموكراتی دانمارک و ڕێكخراوی لاوانی كونسێرواتیڤ لە دانمارک، بو ڕێزلێنان لە گیان بەخت كردووانی ئەو كردەوە تێرۆریستی و دژ بە ئازادییە، هاوخەمی وریزلێنان لە گورەپانیی كونگس نیتووی شاری كوپێنهاگن لەبەر دەرگای باڵوێزخانەی فەرانسە لە دانمارک بەرێوەچوو. |  |
| ١٠ | ١١ی ژانویەی ٢٠١٥ | نوێنەری حیزبی دێمۆكراتی كوردستان, ئیبراهیم زێوەیی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی باشووری كوردستان ، سەردانی كۆنسۆلی گشتیی وڵاتی فرانسەی كرد و دەگەڵ " ئالان گییغات " سەركۆنسۆلی فرانسە لە هەولێر كۆبۆوە . |  |
| ١١ | ١٢ی ژانویەی ٢٠١٥ | بەشداریی وەفدێكی حیزبی دێمۆكراتی كوردستان لە كۆبوونەوەیەكی بەڕێز فەلاح مستەفا بەرپرسی نووسینگەی پێوەندییەكانی حكوومەتی هەرێمی كوردستان و وەفدی یاوەری. لە " گراند هوتێلی" ستۆكهۆڵمی پاێتەختی سوئید. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢ | ١٤ی ژانویەی ٢٠١٥ | ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی دێولان بەرەو پیلی ٢ ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان چوونو بە چالاکیی تەبلیغی یادو بیرەوەریی شەهید پێشەوا قازی محەممەدو کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرتوە. |   |
| ١٣ | ١٧ی ژانویەی ٢٠١٥ | کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاڵمان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ٦٩هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ڕێورەسمێکی پڕشکۆ بە بەشداری ئەندامان،لایەنگران و دۆستانی حیزب و هەروەها نوێنەرانی حیزب وڕێکخراوە کوردستانیەکان لە شاری فرانکفورت بەڕێوە برد. |  |
| ١٤ | ١٧ ی ژانویەی ٢٠١٥ | هەرسێک کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەبەشداریی کوردستانیانی نیشتەجێی سویس بەڕێزەوە یادی ٦٩مین ساڵوەگەری دامەزرانی کۆماری کوردستانیان کردەوە. |  |
| ١٥ | ١٧ی ژانویەی ٢٠١٥ | چالاکانی سەربە تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی هەوشار بە بڵاوکردنەوەی تراکتی تایبەتی، یادی ٦٩ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان لە چەند شوێن و گەڕەکێکی شاری ساین قەڵا بەر ڕاگرتوە. |  |
| ١٦ | ١٨ی ژانویەی ٢٠١٥ | دیمانە: جەعفەر شەریعەتی : لەگەڵ بەڕێز سەعید بەگزادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و جێگری بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەبارەت بە یەکگرتنەوەی حدکو حدکا لە چوارچێوەی حیزبێکی دێموکراتدا. |  |
| ١٧ | ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٥ | هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی ئاکام و شوێنەوارەکانی هەوڵی بە کانتۆن کردنی شەنگالەوە: حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە کۆنەوە باوەڕی بەم پرەنسیپە هەبووە کە بڕیاردان لە بارەی هەر بەشێکی کوردستان، حەقی بێ ئەملاو ئەولای خەڵکی ئەو بەشەو هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشەیە، نەک هێزێکی سیاسیی بەشێکی دیکە. |   |
| ١٨ | ٢١ی ژانویەی ٢٠١٥ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٤٨ ، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، بەیاننامە و ڕاگەیێنداوە فەرمییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان و کومیتەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و چەندین بابەتی کولتوری و ئەدەبی و تایبەت بە پرسی ژنان، کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ١٩ | ٢١ی ژانویەی ٢٠١٥ | ژمارەی ١٥١ی دنیای منداڵان بڵاو کرایەوە. گۆڤاری دنیای منداڵان، بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە کە ڕێکخراوی منداڵ پارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو دەکاتەوە. لەو گۆڤارە دەیان بابەتی هەمەڕەنگی تایبەت بە جیهانی منداڵان بەرچاو دەکەون. |  |
| ٢٠ | ٢١ی ژانویەی ٢٠١٥ | پەیامی دەفتەری سیاسیی ح د ک بە بۆنەی ٦٩ ساڵەی دامەزرانی «دەوڵەتی جمهوریی کوردستان»ەوە : سڵاو لە تێکڕای هۆگران و ئەویندارانی ڕێبازی نەتەوەیی و دیموکراتیکی دەولەتی جمهوریی کوردستان بە تایبەتی ئەوانەی لەم ڕێگایە دا گیانیان پێشکەش کردوە. |   |
| ٢١ | ٢٢ی ژانویەی ٢٠١٥ | حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوەڕەسمێکدا بەبۆنەی ٦٩ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبو ئەندامو میوان بەڕێوەی برد، بەڵێن بە خەڵکی کوردستان دایەوە کە لە هەوڵو تێکۆشان بۆ لێکنزیکبوونەوەو دروستکردنی بەستێنی گونجاو بۆ هاوخەباتی و کاری هاوبەش، غافڵ نەبێ. |  |
| ٢٢ | ٢٢ی ژانویەی ٢٠١٥ | لە سمینارێک دا کە لە لقی ٤ی پارتی دێموکراتی کوردستان بۆ بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هاتبوو هاوکات لە گەڵ بەرزراگرتنی ئەم یادو دەسکەوتە مەزنەی مێژووی کورد، کۆمەڵە باسێک لە سەر کۆماری کوردستان هاتە بەر باس. |  |
| ٢٣ | ٢٣ی ژانویەی ٢٠١٥ | سمیناری یادی کۆماری کوردستان بە دروشمی " ئەزموونی دوێنێ بۆ تێگەیشتن لە ئێستادا ". لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی کۆڕو کۆبوونەوەکانی زانکۆی کۆیە بە بەشداریی کەسایەتییە سیاسیو ئەکادیمییەکان، خویندکارانو مامۆستایانی زانکۆ و دەیان کەس لە ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێمۆکرات کوردستانو کادرو پێشمەرگەکان ئەو حیزبە بەڕێوە چوو . |  |
| ٢٤ | ٢٤ی ژانویەی ٢٠١٥ | بە بەشداری سەدان کەس لە ئەنداامان لایانگران و دۆستانی حیزب و کوردستانیانی دانیشتووی وڵاتی سوید، شەوئاهەنگێک لە شاری ستۆکهۆڵم،ی وڵاتی سوید بۆ ڕێزگرتن لە ٦٩هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن کومیتەی سویدی حیزب و بە هاوکاری یەکێتییەکانی لاوان و ژنان و کۆمەڵەی کوردی سویدی پێکهێنرا. |  |
| ٢٥ | ٢٤ی ژانویەی ٢٠١٥ | تێکۆشەرانی دێموکرات لە ماوەی چەند شەوی رابردوودا لە ناوچەی ڕەبەت لە ئاواییەکانی سیسێر و سوێروێ و خودی شاری ڕەبەت بۆ بەرزراگرتنی یادوبیرەوەرییەکانی کۆماری کوردستان بە شێوەیەکی بەربڵاو چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٦ | ٢٤ی ژانویەی ٢٠١٥ | سەردەشت: لە ماوەی چەند شەوی رابردوودا ئەندامانی سەر بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی سەردەشت لە یادی ٦٩ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا سەرکەوتووانە ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی خۆیان سەرکەوتوانە بەڕێوەبرد. |  |
| ٢٧ | ٢٤ی ژانویەی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوانی حدکا بە سەرپەرەستی فواد خاکی بەیگی سکرتێری ئەم ڕێکخراوە، بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی بیر و ڕا سەبارەت بە کۆمەڵێک بابەت، سەردانی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد و لەلایەن شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتی ڕێکخراو پێشوازییان لێکرا. |    |
| ٢٨ | ٢٥ی ژانویەی ٢٠١٥ | بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی چالاکان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ناوچەی سنە بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٦٩هەمینساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان چالاکی تەبلیغییان کردووە. |  |
| ٢٩ | ٢٥ی ژانویەی ٢٠١٥ | ئەندامانی چالاکی حیزب لە ناوچەی سەردەشت بە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی و وێنەی شەهیدانی ڕێبەرو نووسینی درووشمی تایبەت بە ٦٩ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، یادی ئەم دەسکەتە مەزنەیان بەرزو پیرۆز ڕاگرت. | |
| ٣٠ | ٢٦ی ژانویەی ٢٠١٥ | لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی دا بە بەشداریی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات، بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پرسی نێوان هەردوو حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەوڵدان بۆ وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتی هێنایە بەر باس. |  |
| ٣١ | ٢٧ی ژانویەی ٢٠١٥ | بەیاننامە: سەرکەوتنی کۆبانێ لە نەتەوەکەمان و دۆستان و دلسۆزانی ئەم نەتەوەیە پیرۆزبێ : پاش ١٣٣ڕۆژ خۆڕاگریی جانانەی شەرڤانان و هێزی پێشمەرگە لە شاری کۆبانێ لە بەرامبەر هێرشەکانی چەکدارانی گرووپی تیرۆریستیی داعش بۆ سەر ئەم شارە، سەرئەنجام ڕۆژی ٢٦ی ژانویە، کۆبانێ لە گەمارۆ و پەلاماری داعش ڕزگار کرا. | |
| ٣٢ | ٣٠ی ژانویەی ٢٠١٥ | سیمینارێک لە ژێر ناوی "شرۆڤەو تاوتوێکردنی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرانی کوردستان" لە لایەن بەڕێز کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانی بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنەگرانی ئەم حیزبە بەڕێوەچوو. |  |
| ٣٣ | ٣٠ی ژانویەی ٢٠١٥ | لە کۆبوونەوەی بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان باسیک لە ژێر ناوی "رۆژهەڵات مێحوەری لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی خەبات دا"، بەڕێز سمایل شەرەفی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی پێشکەش کرد. |  |
| ٣٤ | ٣١ی ژانویەی ٢٠١٥ | بە بۆنەی ٦٩یەمین سالرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان کومیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان مەراسمێکی پرشکۆی بە بەشداری رادەیەکی بەرچاو لەئەندامانی و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و نوێنەرو ئەندامانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەلەی کولتوریەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان لە شاری گریوە وڵاتی دانمارک پێک هێنا. |  |
| ٣٥ | ٣١ی ژانویەی ٢٠١٥ | بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانو لایەنگرانو هەروەها کوردانی دانیشتووی ئۆسلۆو دەوروبەری لە وڵاتی نۆروێژ ڕێورەسمێک بەبۆنەی ٦٩هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێوەچوو، |  |
| | | سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا | |








سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com







| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢ی فێوریەی ٢٠١٥ | هەر دوو دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە بەشداریی سکرتێری گشتیی هەر یەک لە لایەنەکانی دیموکرات، بەڕێزان مستەفا هیجری و خالید عەزیزی، بۆ باس لە پرسی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان، لە گەڵ یەک کۆ بوونەوە. |  |
| ٢ | ٢ی فێوریەی ٢٠١٥ | کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد بە بەشداری زۆرینەی ئەندامانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان کۆنفرانسی ساڵانەی خۆیان بۆ هەرچی چالاکتر کردنی ڕێکخراوەکەیان پێک هێنا. |  |
| ٣ | ٢ی فێوریەی ٢٠١٥ | دیدار و چاوپێکەوتنی بەڕێز ناسرقادرپوور، بەرپرسی بەشی پێوەندییە بیانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەو وڵات. |  |
| ٤ | ٥ی فێوریەی ٢٠١٥ | بەشداریی هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرشتی هاوڕێ ڕەحیم خالید نیژاد، بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمیتە، لە کۆڕی پرسە و سەرەخۆشی شەهیدانی بەرگری لە خاکی کوردستان و پەیامی پرسە و سەرەخۆشی وهاوخەمی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دانمارکیان پێشکەشی هەڤاڵانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بنەماڵەی ئەو شەهیدانە و هەموو کوردانی باشووری کوردستان کرد. |  |
| ٥ | ٦ی فێوریەی ٢٠١٥ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٤٩ ، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، بەیاننامە و ڕاگەیێندراوە ڕەسمییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچالاکی و کوڕ و سمیناری ئۆرگان ڕێکخراو و کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوە وڵات و چەندین بابەتی ئەدەبی،و مێژووییەوە کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٦ | ٧ی فێوریەی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی هاوڕێ ڕەحیم خالیدنژاد، بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لەم وڵاتە، لەسەر بانگهێشتی ڕەسمیی کۆمیتەی کۆمەلە لە دانمارک، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی ٤٥ی ساڵەی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەدا کرد. |  |
| ٧ | ٧ی فێوریەی ٢٠١٥ | بەشداریی ئەندامان و دۆست و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە خۆپیشاندانێک بە مەبەستی مەحکووم کردنی ٣٦ ساڵ تەمەنی پڕ لە شورەیی و جینایەتی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە یەکێک لە گۆڕەپانەکانی شاری بێرن،ی پایتەختی وڵاتی سوئیس . |  |
| ٨ | ٨ی فێوریەی ٢٠١٥ | بەشداریی هەیئەتێکی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا، لەکۆڕێکی ڕێزلێنانی بۆ تازەترین فەرمانـدە و پێشمەرگە شەهیدەکانی بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان، کە لەو هێرشانەی دوایی تاقمی تێرۆریستی داعش، دوژمنانی کورد و کوردستان، گیانی ئازیزی خۆیان بەخت کرد لە مەلبەندی ڕۆشنبییری کورد لە لەندەن. |  |
| ٩ | ١٠ی فێوریەی ٢٠١٥ | هەیئەتێک بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانیەکان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی باڵیوزخانەی ئەمریکایان لە شاری لەندەنی پایتەختی بریتانیا کرد و لەلایەن بەڕێز جاناتان پیسیا (Jonathan Peccia) سکرتێری یەکەمی باڵیوزخانەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا. |  |
| ١٠ | ٨ی فێوریەی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی هاوڕێ ڕەحیم خالیدنژاد، بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لەم وڵاتە، لەسەر بانگهێشتی ڕەسمیی کومیتەی کۆمەڵە زەحمەتکێشانی کوردستان لە دانمارک، بەشداریان لە سیمینارێکدا کرد کە بە بۆنەی ساڵیادی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە، بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵە بەڕێز عومەر ئیلخانیزادە ڕێکخرابوو. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١ | ١١ای فێبروەری ٢٠١٥ | شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتیی، سەردانی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانیان کردو لە لایەن شاندێکی ڕێکخراوی ئازادی لاوان بە سەرپەرەستی هێمن حەمید سکرتێری ئەم ڕێکخراوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ١٢ | ١٢ای فێبروەری ٢٠١٥ | کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی تاوتوێکردنی دۆخی هەنووکە کۆبوونەوەیەکی بۆ بەڕێز قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات بۆ ژنانی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی حیزب پێک هێنا. |  |
| ١٣ | ١٣ای فێبروەری ٢٠١٥ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپرستی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی باشووری کوردستان کرد و لە لایەن شاندێکی باڵای یەکگرتووی ئیسلامی یەوە بە سەرپەرەستی بەڕێ زامۆستا محەممەد فەرەج، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی کوردستانەوە ، پێشوازییان لێ کرا . |   |
| ١٤ | ١٣ ی فێبروەری ٢٠١٥ | بەشداری وەفدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان؛ حەسەن شێخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و حەسەن خۆشکەلام، ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی لە سەر بانگهێشتی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵەدا، لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵە کرد. |  |
| ١٥ | ١٤ای فێبروەری ٢٠١٥ | هەیئەتێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان، خالید وەنەوشە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، تاهیر قادرپوورو عەبدوڵڵا مەتاعی دوو کادری حیزب، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی ٣٦ ئاشکرابوونی تێکۆشانی کۆمەڵە دا کرد. |  |
| ١٦ | ١٤ ی فێبروەری ٢٠١٥ | دوو سیاسەتمەدارو نووسەری فەرانسەوی بە ناوەکانی "بێرنارد هێنری لێڤی" و "گیلێس هێرت زۆگ"، سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب و هەیئەتی هاوڕێی پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ١٧ | ١٤ ی فێبروەری ٢٠١٥ | بەڕێز پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سکرتێری لاوانی ئینتێر ناسیۆناڵ سوسیالیست لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە. |  |
| ١٨ | ١٤ ی فێبروەری ٢٠١٥ | شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەرپەرەستی پێشەوا عەلی پوور، سکرتێری گشتی ڕێکخراو لەگەڵ ڕائید محەممەد ئەلدەبعی، نوێنەری لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست لە جیهانی عەرەبی و نوێنەری حەرەکەی لاوانی فەتحی فەلەستین کۆبوونەوە. |  |
| ١٩ | ١٤ ی فێبروەری ٢٠١٥ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی حیزبی شیوعی کوردستان، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری لینشۆپینگ لە وڵاتی سوید، کە پێک هاتبوو لە هاوڕێیان قادر نەبیزادە، عومەر عەزیزی، جەلال عەبدی ورەسول قادرزادە بەشدارییان کرد لە ڕۆژی شەهیدانی حیزبی شیوعی کە لەو شارە پێکهات. |  |
| ٢٠ | ١٦ای فێبروەری ٢٠١٥ | ژمارەی ١٥٢ی دنیای منداڵان بڵاو کرایەوە. گۆڤاری دنیای منداڵان، بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە کە ڕێکخراوی منداڵ پارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو دەکاتەوە. لەو گۆڤارە دەیان بابەتی هەمەڕەنگی تایبەت بە جیهانی منداڵان بەرچاو دەکەون. |  |
| ٢١ | ١٦ای فێبروەری ٢٠١٥ | بەشداریی هەیئەتێکی کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ، لە سمینارێک کە لە لایەن فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان، بۆ سەرۆکی پارلمانی هەرێمی کوردستان و وەفدی هاوڕێی لەگەڵ ڕەوەندی کوردی لە سوئێد پێکهات. | |
| ٢٢ | ١٨ای فێبروەری ٢٠١٥ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستانیان لە هەولێر کردو لەلایەن شاندێکی حیزبی شیوعییەوە بە سەرپەرەستی بەڕێز کاک کەماڵ شاکر، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی ئەم حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا . |  |
| ٢٣ | ١٩ای فێبروەری ٢٠١٥ | بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان، لەو چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ "وشە" تیشک دەخاتە سەر دوایین دانیشتنی دەفتەری سیاسیی هەر دوو حزبی دیموکرات لەسەر یەکگرتنەوەیان و رای دەگەیەنێت، لەو دانیشتنەدا |   |
| | | | |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ۲۴ | ۱۹ی فێوریەی ۲۰۱۵ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە هاورێیان گوڵالە شەرەفکەندی و کاوە ئاهەنگەری ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی حدک پێک هاتبوو لەگەڵ ' ڤیڤیانە تەیتڵباوم' سەرۆک و ' ژوانا مەیکۆک' سکرتێری گشتی ڕێکخراوی لابی ژنانی ئوروپا دیداریان پێک هێنا. |  |
| ۲۵ | ۱۹ی فێوریەی ۲۰۱۵ | ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٥٠ ، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، بەیاننامە و ڕاگەیەندراوە ڕەسمییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و چەندین بابەتی ئابووری، مێژوویی، ئەدەبی و هونەری بڵاو کرایەوە. |  |
| ۲۶ | ۲۱ی فێوریەی ۲۰۱۵ | لە شاری تورکووی وڵاتی فینلاند، بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان ودوست ولایەنگرانی یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان و ژنانی خەباتکار و ئازادیخواز ڕێورەسمی ۸ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان بەڕێوەچوو. |  |
| ۲۷ | ۲۴ی فێوریەی ۲۰۱۵ | هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەسەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب ، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیان کردو لەلایەن ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەو حیزبە"بەڵێن عبدالله، بەهمن حوسین وسەعد خالید"وە، پێشوازییان لێ کرا . |  |
| ۲۸ | ۲۴ی فێوریەی ۲۰۱۵ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری کرماشان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک بەبەڵاو کردنەوەی تراکت و دروشمەکانی حیزب پێوندیدار بە بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک چالاکی تەبلیغیان بەڕێوە برد. |  |
| ۲۹ | ۲۷ی فێوریەی ۲۰۱۵ | کۆبوونەوەیەکی دۆستانە لە نێوان هەر دوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان لە بنکەی حیزب لە وڵاتی نۆرویژ پێکهات. | |
| ۳۰ | ۲۸ی فێوریەی ۲۰۱۵ | سەرۆک کۆماری فەڕانسە بە ناردنی پەیامێک بۆ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێزی لە هاوخەمی و هاوسۆزیی کاک خالید عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوە تێرۆریستییەکەی پاریس گرتوە. |  |
| | | سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا | |





سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com




| لاپەڕەی : ١ | | مانگی مارسی : ٢٠١٥ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی مارسی ٢٠١٥ | ڕاگەیەندراو ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەری دێرینی دێموکرات کاک عومەر حەمیدی: بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە تێکۆشەری سەرەدمە سەختەکانی خەبات و تێکۆشان، هاوڕێ عومەر حەمیدی لە وڵاتی فینلاند، بە هۆی راوەستانی دڵ، کۆچی دوایی کرد. |  |
| ٢ | ٢ی مارسی ٢٠١٥ | ژمارەی ٥٦ – ٥٥ گۆڤاری لاوان لەبلاوەکراوەکانی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان, چاپ و بڵاو کرایەوە. |  |
| ٣ | ٢ی مارسی ٢٠١٥ | کوردانی دانیشتووی شاری سوئیس لە سەر بانگەوازی کۆمیتە ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم وڵاتە خۆپیشاندانێکیان بۆ ئیدانە کردنی ڕەفتارو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە برد. |  |
| ٤ | ٤ی مارسی ٢٠١٥ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٦٥١ ، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی ئەدەبی و مێژوویی و بەیاننامە و ڕاگەیێندراوە فەرمییەکانی حیزب و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کۆمیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٥ | ٧ی مارسی ٢٠١٥ | پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان : بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان، پیرۆزبایی بۆ ژنانی ستەم لێکراوی کوردستان و هەموو ئەو مرۆڤانە دەنێرین کە لە پێناوی یەکسانی دا خەبات دەکەن و خوازیاری هاوکاری و هاوخەباتی و یەکێە تی زیاتری هەموو ژنانی کوردو هاوخەباتەکانمان لە پێناوی گەیشتن بە مافە ڕەواکانمان دان. | |
| ٦ | ٧ی مارسی ٢٠١٥ | سیاسەتمەداری ناسراوی باشووری کوردستانو ئەندامی پێشووی پارلمانی عیراق، دوکتور مەحمود عوسمان، سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کردو لەلایەن کاک مستەفا مەولودی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبو، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەو ژمارەیەک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشوازیی لێ کرا. |  |
| ٧ | ٧ی مارسی ٢٠١٥ | بە سروودی یەکسانی لەلایەن خاتوو باوان کەریمیو راگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان، بە تایبەت ژنانی یەکسانیخواز دەستی پێکردو پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان لە وڵاتی سوئێد بە بۆنەی ٨ ی مارس لە لایەن خاتوو کوێستان بابایی، پێشکەش کرا. |  |
| ٨ | ٧ی مارسی ٢٠١٥ | لە سەر بانگهێشتی لقی نۆروێژی کۆمیتەی ئەمنێستی ئینترناشناڵ هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات پێکهاتوو لە ئەسعەد خزری و ناسر قادرپوور ، بەشداری سمینارێکیان کرد کە بۆ باسو تاوتوێی ڕەوشی مافی مرۆڤ و چۆنییەتی کاری ئەو ڕێکخراوەیە لە کۆمەڵگای جیهانی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی پێکهاتبوو. |  |
| ٩ | ٨ی مارسی ٢٠١٥ | بەشداریی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ، و پێشکەش کردنی، پەیامێک کە بە زبانی نوروێژی ئامادەکرابوو لە لایەن خوشکە بەفرین رۆستەمی ئەندامی یەکێتی. جێژنی نێونەتەوەیی ژن، ٨ی مارس لە سالۆنی کولتووری شاری لیللەسترۆم بە سەرپەرەستی شارەوانی شێشمۆ وبە بەشداری چەندین نەتەوەی جیاواز بەڕێوەچوو. |  |
| ١٠ | ٨ی مارسی ٢٠١٥ | بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتوویژ لەگەڵ سێ ڕۆژنامەی عەرەبیی "بیروت ئوبزروەر" چاپی لوبنان، "الجریدە" چاپی کووەیتو میدیل ئیست ترانسپارەنت کە لە وڵاتانی عەرەبیدا بڵاو دەبێتەوە، تاوتوێی دوایین ئاڵوگۆرەکان لە ئێران، ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی کردوە. | |
| ١١ | ٨ی مارسی ٢٠١٥ | پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ٨ی مارس : بەبۆنەی ٨-ی مارس لەو ژن و کچە پێشمەرگانە پیرۆز بێت، کە گۆرەپانی سیاسیی و چەکداری بۆ پیاوان چۆڵ ناکەن، بۆ ئەوەی لەئەرکەکاندا هاوبەش بن، و بەمافی کەمیش رازی نەبن. | |


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢ | ٨ی مارسی ٢٠١٥ | لە سەر بانگهێشتی تەشکیلاتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سمینارێکدا بەشداریان کرد کە بەبۆنەی ٨ ی مارسەوە پێک هاتبوو. لەو سمینارەدا پەیامی پیرۆزبایی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای کانادا لەلایەن خاتوو کەوسەر مەحمودی پێشکەش کرا. | |
| ١٣ | ٨ی مارسی ٢٠١٥ | بەڕێز کەریم مەهدەوی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانی لە دوو دیداری جیاوازدا لەگەڵ حیزبی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سووریەو، حیزبی یەکیەتیی کورد لە سووریە، روانگەو بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی ڕۆژاوای کوردستان دا خستە روو. |  |
| ١٤ | ٩ی مارسی ٢٠١٥ | بانگەواز ی کۆمیسیۆنی تەشکیلات حیزبی دیموکراتی کوردستان : بەم هیوا و چاوەڕوانییەوە ، بۆ پێشەوە بەرەو نەورۆزێکی پڕشکۆ، نەورۆزیکی یەکگرتوانە، نەتەوەیی و حەماسی. | |
| ١٥ | ٩ی مارسی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی کۆمیتە ناوچەی وێستفۆڵدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەل حیزبی دێموکرات مەسیحی نۆروێژ لە شارەداری شاری درامێن کۆبوونەوەو لەو دانیشتنەدا هەیئەتی حیزب باسێکی تێرو تەسەلیان لەسەر وەزعیەتی کورد بە گشت و ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی پێشکەشی هەیئەتی خانەخوێ کرد. |  |
| ١٦ | ١٠ی مارسی ٢٠١٥ | بە بەشداری بەڕێز کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا، سمینارێک لە ناوەندی ئوروپایی توێژینەوەکانی ئاسیا لە بروکسێل بەڕێوەچوو. |  |
| ١٧ | ١٠ی مارسی ٢٠١٥ | شاندێکی حیزبی دێمۆکراتی بێت نەهرین پێکهاتوو لە ڕۆمیۆ هەکاری، سکرتێری گشتیی حیزبی بێت نەهرین، جرجیس یۆنانو کریمە پۆڵس سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان لە شاری هەولێر کرد و لە لایەن بەڕێز ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێموکڕات لە هەولێرو و حەسەن کاکیلی کادری پێوەندییەکانەوە پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ١٨ | ١٠ی مارسی ٢٠١٥ | لە سمینارێکدا بەبەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات و ژنانی نێو ڕێزەکانی حیزب پێکهاتبوو، شەهێن بایەزیدپوور، پێشمەرگەی حیزب تیشکی خستە سەر ئەو بەستێنانەی ڕێگری لە تۆخبوونەوەی دەوری ژنان لە بزاوتە سیاسی و مەدەنییەکان و هەوڵدانیان بۆ بەشداری لە دەسەڵاتدا دەکەن. |  |
| ١٩ | ١٠ی مارسی ٢٠١٥ | ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی چواری یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستاندا کە لە ژێر ناوی " لە پێناو خەباتی یەکسانیخوازانەو نەتەوەیی ژنان، لە نێوخۆو دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێبکۆشین" بەبەشادریی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و سەدان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەستی پێکردوە. |   |
| ٢٠ | ١٠ی مارسی ٢٠١٥ | وتاری کردنەوەی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان : بەو هیوایە ئەم کۆنگرەیە، بە بەشداریی چالاکانە و بەرپرسانەی هەموو بەشدارانی کۆنگرە، لەجێبەجیکردنی سەرجەم ئەرکەکانی سەرشانی دا سەرکەوتوو بێ. | |
| ٢١ | ١٠ی مارسی ٢٠١٥ | پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بۆنەی پێکهاتنی چوارەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان : هیوامان سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە و بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانە. |  |
| ٢٢ | ١٠ی مارسی ٢٠١٥ | پەیامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی کۆنگرەی چوارەمی ئەو یەکیەتییە : سەرکەوتنی کۆنگرەو وەدیهاتنی بەرنامەو ئامانجەکانی کۆنگرە لە داهاتوویەکی نزیکدا بە ئاوات دەخوازم. |  |
| ٢٣ | ١٣ی مارسی ٢٠١٥ | کۆتایی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان : کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان کە لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی ڕەشەمەوە دەستی پێکردبوو، دوای سێ ڕۆژ کارو چالاکی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. |  |
| ٢٤ | ١٣ی مارسی ٢٠١٥ | دیمانە: جەعفەر شەریعەتی لەگەڵ بەڕێز مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک و بەرپرسی پێوەندییەکانی ئەو حیزبە لە دەرەوەی کوردستان : دێموکڕاتەکان لە ڕێکخراوێکی تازەدا (بەرەی نەتەوەیی دێموکڕاتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) پێکەوە هاوکاری بکەن |  |
| ٢٥ | ١٣ی مارسی ٢٠١٥ | کۆمیسیونی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی کۆبوونەوەکانی خۆی لەگەڵ ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان کۆبوونەوەکی بۆ بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب باسێکی گشتی لە دەڤەری پشدەرو بێتوێن لە شاری قەڵادزێ پێک هێنا. |  |


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٦ | ١٥ی مارسی ٢٠١٥ | بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتو پۆلێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێورەسمی کۆتایی چوارەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانو ٦٩ ساڵەی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە بەڕێوەچوو. |  |
| ٢٧ | ١٥ی مارسی ٢٠١٥ | پەیامی یەکەیتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەممە ٦٩هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و کۆتایی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی چوارەمی ئەم ڕێکخراوەیە. | |
| ٢٨ | ١٥ی مارسی ٢٠١٥ | ژمارە ١٥٣ی دنیای منداڵان چاپ و بڵاو کرایەوە، گۆڤاری دنیای منداڵان، بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە کە ڕێکخراوی منداڵ پارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو دەکاتەوە. |  |
| ٢٩ | ١٥ی مارسی ٢٠١٥ | بەشداری نوێنەرایەتی حدک لە خۆپیشاندانێکی لێژنەی پارتی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا لە بەردەرگای دەفتەری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، بۆ بەرز ڕاگرتنی ١١٢هەمین ساڵیادی لە دایک بوونی ڕێبەری لێهاتووی گەلەکەمان مستەفا بارزانی نەمەر و پشتگیری لە هیزی پێشمەرگەی کوردستان. |  |
| ٣٠ | ١٥ی مارسی ٢٠١٥ | بەشداری هەیئەتێکی کۆمیتەی حدک لە بیرمینگهام لە ڕێورەسمی چلەی ماتەمینی شەهیدانی بەرگری لە خاکی کوردستان شەهیدان لیوا حوسێن و عەمید شێرکۆ شوانی و عەقید نەریمان دۆشکە و هاورێکانیان لە بیرمینگهام بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی بریتانیا و پارت و لایەنە سیاسی کورد پێکهێنا. |  |
| ٣١ | ١٥ی مارسی ٢٠١٥ | بەشداریی هەیئەتێکی کۆمیتەی لینشۆپینگی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئید لە ڕێورِسمی ڕێزگرتن لە ٥ هەزار شەهیدی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و وەبیر هێنانەوەی ئەو تاوانە گەورەیە کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕژیمی گۆڕکراوی بەعسەوە دژ بە گەلەکەمان ئەنجام درا. |  |
| ٣٢ | ١٦ی مارسی ٢٠١٥ | بە شداریی شاندێکی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بو ڕێز لێنان و بەرز ڕاگرتنی ناو و یادی شەهیدانی کارەساتی دلتەزێنی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید و هەموو کۆمەلکوژییەکانی میژوی خویناوی گەلەکەمان، |  |
| ٣٣ | ١٧ی مارسی ٢٠١٥ | پەیامی پیرۆزبایی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی نەورۆزەوە : هیوادارین ساڵی تازە ساڵی پاشەکشەی دوژمنانی ئازادی و شکستی تێرۆریزم بێ و ساڵێکی پڕ لە خێرو خۆشی بۆ نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستان و خەڵکی ئازادی خوازی ئێران بێ. | |
| ٣٤ | ١٧ی مارسی ٢٠١٥ | لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، چاوی بەهەیئەتێک لە سەرکردایەتیی کۆمەڵە بە سەرۆکایەتیی کاک عەبدوڵلا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵە کەوت. |  |
| ٣٥ | ١٨ی مارسی ٢٠١٥ | بەشدارایی بەڕێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب بە بۆنەی جێژنی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێی کوردییەوە لەئێوارەخوانێک بۆ کۆمەڵێک ئەندامانی پارلەمانی بریتانیا و کەسایەتی سیاسی کورد و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان کە سەنتەری پەرەپێدانی کورد لەبریتانیا پیکی هێنابوو. |  |
| ٣٦ | ١٩ی مارسی ٢٠١٥ | پەیامی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی رادیۆ دەنگی گەلی کوردستان : سەرکەوتوو و بەگوڕتربێ دەنگی دلێری رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان،ساغی و سەربەرزی ئاواتمانە. | |
| ٣٧ | ١٩ی مارسی ٢٠١٥ | بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بانگهێشتنی فەرمی ڕادیۆ دەنگی گەلی کوردستان، لە ڕێورەسمێک کە بە بۆنەی ٣٦مین ساڵڕۆژی ئەم رادیۆیە لە سلێمانی پێک هاتبوو. | |
| ٣٨ | ١٩ی مارسی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی کارگێڕی مەڵبەندی ١٤ی کۆیە بە سەرپەرستی بەڕێز هیوا سۆفی کارگێڕی مەڵبەند وهەیئەتێکی کۆمیتەی ١ی کۆیە بە سەرپەرستی خاتوو قومری بەرپرسی کۆمیتە، سەردانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی و کۆمەڵێک لە ئەندامان بە سەرپەرستی سۆهەیلا قادری سکرتێری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە پێشوازیان لێکرا |   |
| ٣٩ | ٢٠ی مارسی ٢٠١٥ | ژمارە کوردستان، ژمارە ٦٥٢ ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، بەیاننامە و ڕاگەیێندرا و بانگەوازی حیزب، چەندین باس بابەتی ئابووری، کۆمەلاتی و ئەدەبی و هەواڵی کاروچالاکییەکانی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٤٠ | ٢٠ی مارسی ٢٠١٥ | بەشداریی بەرچاوی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پارێزگای ئۆسیفۆڵدی نۆروێژ لە ڕێورەسمی ئاگرکردنەوە کەلایەن کوردانی هەر چوارپارچەی کوردستان لە شاری شاشبۆرگی نۆروێژ بەریوە چوو. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١ | ٢٠ی مارسی ٢٠١٥ | بە بۆنەی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز و هاتنی ساڵی ٢٧١٥ی کوردییەوە، لە لایەن خۆمان و گشت هاوکارانمان لە ناوەندی ڕاگەیاندنی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، جوانترین و ڕازاوەترین پیرۆزباییەکانی خۆمان ئاڕاستەی هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین. |  |
| ٤٢ | ٢٠ی مارسی ٢٠١٥ | لە لایەن یەکێتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان و یەکێتی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆروێژ، بە بۆنەی جێژنی نەورۆز و هاتنی ساڵی ٢٧١٥ ی کوردییەوە، جێژنێکی بەشکۆ بۆ کوردانی نیشتەجێی ئەم وڵاتە پێک هات. |  |
| ٤٣ | ٢٠ی مارسی ٢٠١٥ | بەشێکی بەر چاو لە ئەندامانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شداری چالاکانەیان بوو هەم لە بەڕێوەبردنی بەرنامە و هەم لە کۆمیتەی ئامادەکاری جێژنی نەورۆز دا لە وڵاتی دانمارک کەکومیتە هاوکاری هێزە سیاسیەکان لە وڵاتی دانماک بەڕێوە یان برد. |  |
| ٤٤ | ٢١ی مارسی ٢٠١٥ | لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێوڕەسمێک بەشداریی زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدان و سروودی نەورۆز دەستی پێکردو پاشان ڕێزدار خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیەوە وتارێکی پێشکێش کرد. |  |
| ٤٥ | ٢٣ی مارسی ٢٠١٥ | سەرەڕای کەشی توندی ئەمنیەتیی زاڵ بەسەر کرماشان، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەم شارە بە بڵاوکردنەوەی تراکتی تەبلیغی و بانگەوازی نەورۆزیی حیزب سەرنجی خەڵکیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە. |  |
| ٤٦ | ٢٧ی مارسی ٢٠١٥ | پۆلێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ئاوایی وسووکەندی مەهاباد بەبۆنەی هاتنەوەی ١٠ی خاکەلێوە، ساڵرۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی چالاکیی تەبلیغییان کردوە. |  |
| ٤٧ | ٢٨ی مارسی ٢٠١٥ | حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی دانمارک بۆ بەرز ڕاگرتنی ٦٨مین ساڵرۆژی ١٠ای خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، سمینارێکی بۆ بەڕێز حەسەن حاتەمی ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا. |  |
| ٤٨ | ٢٨ی مارسی ٢٠١٥ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە ناوچەی مەهاباد بە نووسینی دروشم لەسەر پارچەو دانانیان لە قەراغ جادەو شوێنەکانی بەرچاو لەسەر ڕێی هاتوچۆی خەڵک چالاکیی تەبلیغییان کردوەو یادو بیرەوەریی پێشەوا قازی محەممەدو سەرجەم شەهیدانی کوردستانیان بەرز ڕاگرتوە. |  |
| ٤٩ | ٢٨ی مارسی ٢٠١٥ | لەلایەن کۆمیتەی سۆئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەبەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکڕات و نوێنەرایەتیی چەند حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی و چەندین کەسایەتی بەرزی سیاسی و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردستانییانی دانیشووتی وڵاتی سۆئێد ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی ١٠ای خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بەڕێوەچوو، |  |
| ٥٠ | ٢٩ی مارسی ٢٠١٥ | بە بۆنەی ١٠ ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری وێستروس،ی وڵاتی سوئید، ڕێورەسمێک پێک هێنا. |  |
| ٥١ | ٢٩ی مارسی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی کۆمیتە ناوچەی ئۆستفۆڵدی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەمەکناست و وەفاداری شەهیدان سەردانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانیان لە ناوچەی ئۆستفۆڵد کرد. |  |
| ٥٢ | ٢٩ی مارسی ٢٠١٥ | کۆنفرانسی ساڵانەی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بەشداریی شاندێکی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات ؛ بەڕێزان حەسەن حاتەمی ئەندامی ڕێبەریی حیزب و هاشم ڕۆستەمی ئەندامی کۆمیسیۆنی چاوەدێریی پێڕەوی نێوخۆی حیزب و.ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لەو وڵاتە پێک هات. |  |
| ٥٣ | ٣٠ی مارسی ٢٠١٥ | پۆلێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پیرانشار بەبۆنەی هاتنەوەی ١٠ی خاکەلێوە، ساڵرۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی، بە نووسینی دروشم لە سەر دیوارو بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدان و تراکت چالاکیی تەبلیغییان کردوە. |  |
| ٥٤ | ٣٠ی مارسی ٢٠١٥ | لەو ڕێورەسمەدا کە ڕۆژی دووشەممە، ١٠ ی خاکەلێوە بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندام و بنەماڵەی شەهیدانی سەر بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان بەرز ڕاگیراو پەیمانی وەفایان لەگەڵ نوێ کرایەوە. |  |
| ٥٥ | ٣٠ی مارسی ٢٠١٥ | لە ٦٨ ساڵەی لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان و هاوڕییانی و بە بۆنەی ١٠ای خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی ڕەبەت، بە شێوەیەکی بەربڵاو کاری تەبلیغاتیان کردوە. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٦ | ٣٠ی مارسی ٢٠١٥ | کۆمیتەی لینشۆپینگ،ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە شێوەیەکی چڕ و پڕ سەردانی بنەماڵەی شەهیدانیان کرد و لە نزیکەوە و بۆ جارێکی دیکە پەیمان و بەڵێنی وەفا و درێژە پێدانی ڕێگای خەباتی ئەو شەهیدانەیان بۆ بنەماڵە و کەس و کاریان دووپات کردەوە. |  |
| ٥٧ | ٣١ی مارسی ٢٠١٥ | بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەقزو ناوچەی نەغەدە، بە شێوەیەکی بەربڵاو کاری تەبلیغاتیان کردوە. |  |
| ٥٨ | ٣١ی مارسی ٢٠١٥ | لە سەر بانگهێشتی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دانمارک، نوێنەرایەتیی هێزو لایەنە سیاسیە کوردستانییەکانی جێگیر لە وڵاتە، بۆ باس و ڕاوێژ لەسەر دۆخی کورد و ناوچەکە لە دەوری یەک کۆبوونەوە. |  |
| | | | |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com






| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی ئاوریلی ٢٠١٥ | لقی چواری پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە سلێمانی بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بەبەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی پارتی دێموکڕات و میوان لە بنکەی لقی چوار سمینارێکی بۆ کاک جەلیل گادانی، کەسایەتیی سیاسیی کورد و تێکۆشەری لەمێژینەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهێنا. |  |
| ٢ | ١ی ئاوریلی ٢٠١٥ | شاندێکی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستان بە سەرپرستیی خدر روسی سکرتێری گشتیی بزووتنەوە سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە هەولێر کردو لەلایەن شاندی حیزب بە سەرپەرستیی ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە هەولێرو حسن کاکیلی، کادری پێوەندییەکانەوە پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ٣ | ٢ی ئاوریلی ٢٠١٥ | لقی هەولێری یەکیەتیی نووسەرانی کوردستان بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد سمینارێکی بۆ کاک جەلیل گادانی، تێکۆشەری دێرینی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێنا. |  |
| ٤ | ٤ی ئاوریلی ٢٠١٥ | بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ساڵرۆژی لە سێدارەدانی پێشەواقازی محەممەد کومێتەی هاوکاری هێزە کوردستانییەکان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێورەسمێکی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای رزگاری و سەربەستی کوردستان پێکهێنا. |  |
| ٥ | ٤ی ئاوریلی ٢٠١٥ | بەمەبەستی بەرزراگرتنی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند سمینارێکی بۆ بەرێزان لوقمان زەهرایی و عەزیز شێخانی، بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و نوێنەری هێزو لایەنە سیاسیە کوردستانییەکان و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی فینلاند پێک هێنا.. |  |
| ٦ | ٤ی ئاوریلی ٢٠١٥ | بەیاننامە: هەڵوێستمان لە بارەی مل ڕاکێشانی ئێران بۆ ئیرادەی نێودەوڵەتی لە سەر کەیسی ناوکی : خەباتی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی مافەنەتەوەییەکان و بۆ جێگیر کردنی دیموکراسی لە ئێران، زۆر پێشتر لە سەر هەڵدانی کێشەی ناوکیی ئێران و ڕۆژاواو، تەنانەت زۆر زووتر لە هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە هەبووە. | |
| ٧ | ٥ی ئاوریلی ٢٠١٥ | کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاری یەکیەتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستان و کۆمیتە ناوچەی ئۆسلۆ، ئاکەشهووسی حدک، بۆ ڕێز گرتن لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد،سەرۆک کۆماری کوردستان و هاوڕێیانی،بە سمینارێکی سیاسی بۆ بەرێز هاشم ڕۆستەمی، بەرپرسی بەشی ئاموزیشی حدک لە دەرەوەی وڵات و پێشاندانی فیلمێکی دۆکۆمێنتاری لە لایەن بەرێز سمایل ماملێ، ئەو یادەیان بەرز راگرت. |  |
| ٨ | ٥ی ئاوریلی ٢٠١٥ | بە بەشداری چالاکانە و بەرچاوی ئەندام، دۆست و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتی لاوان و یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان، لەسەر بانگەوازی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینرکانی دێموکرات، لە وڵاتی سوئیس ڕێز لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان گیرا. |  |
| ٩ | ٥ی ئاوریلی ٢٠١٥ | ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٦٥٣ ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان چاپ و بڵاو کرایەوە. لەو ژمارە نوێیەی کوردستان دا پەیام و بەیاننامە ڕەسمییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، ڕێکخراو و کومیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و چەندین بابەت و نووسراوەی سیاسی، ئابووری، ئەدەبی و تایبەی دۆزی ژنان بڵاو کراوەتەوە. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠ | ٥ ی ئاوریلی ٢٠١٥ | وتووێژی تایبەتی «کوردکاناڵ» لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان : ئەمن بۆئەوەی بچمە نێو نێوەڕۆکی ئەو کتێبە، چاکە یان خراپە، بەڵام ئەو کتێبە کە ئێستا بڵاو بۆوە، وای دەخوێنمەوە، عەمدەن ئەوەیان کرد بۆ تێکدانی ئەو پرۆسەیە، بۆ لەباربردنی ئەو زەمینەیە بووە کە بە هیممەتی ئەندامانی هەردووک لا، دۆستانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوە، |  |
| ١١ | ٦ی ئاوریلی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی سۆهەیلا قادری، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە سەردانی گرووپی ئاڵتوون سیتیان لە هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێک بە سەرپەرستیی ئیدریس محەممەد عەزیز، سەرپەرەستیی پرۆژەی گەورەی ئاڵتوونو هەیئەتێکی بەڕێوەبەریی ئەو کۆمپانیایەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ١٢ | ٨ی ئاوریلی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە هەولێر بە سەرپەرستیی زاگرۆس خسروی و بە هاوڕێیەتی سامان ڕێشە ساحب سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان لە هەولێر کردو لەلایەن شاندیی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکرات ئیبراهیم زێوەیی و حەسەن کاکیلیەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ١٣ | ٨ی ئاوریلی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی بەشی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ، لە سەر بانگهێشتنی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ، سەردانی وەزارەتیان کرد و لە لایەن خاتوو " هەیدی ئێلبورگی یوهانسێن" بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقای وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ پێشوازیان لێکرا. | |
| ١٤ | ٩ی ئاوریلی ٢٠١٥ | بەڕێز عەزیز سەیدنژادیان، بەپرسی بەشی پەیوەندییە نیونەتەوەییەکانی کۆمیتەی سوئیدی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەشداری کرد لە کنسێرتێکی موسیک دا کە بۆ چەندین هونەرمەندی ناسراوی جیهان، لە شاری ئوپسالای وڵاتی سوئید ڕێکخرابوو. |  |
| ١٥ | ١٠ای ئاوریلی ٢٠١٥ | وتووێژی ڕۆژنامەی وشە لەگەڵ ئاسۆی حەسەن زادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە لێکگەیشتنی ناوکی : "سوودی هەرە گەورەی ڕێککەوتنەکە ئەوە دەبێ کە ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات واز لەوە بێنێ کە تەنیا چاوی لەو دوورە دیمەنە بێت کە رەنگە ڕۆژێک دنیای دەرەوە هێرش بکاتە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران". |  |
| ١٦ | ١٠ای ئاوریلی ٢٠١٥ | لەسەر بانگهێستنی ڕێکخراوی فیدائیانی خەڵک (اکثریت)، هەیئەتێک پێکهاتوو لە بەڕیزان خالید حەسەنپور ئەندامی ڕێبەری و حەمەخانی مرۆتی کادری لە مێژینەی حیزب، لە شاری کۆڵن،ی ئاڵمان بە شداریان لە کۆنگرەی چواردهەمی ئەو ڕێکخراوە کرد. |  |
| ١٧ | ١١ای ئاوریلی ٢٠١٥ | بەشداری بەڕیز عەزیز سەیدنژادیان، بەرپرسی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب لە سمینارێک کە بۆ وەزیری پێشووتری بەرگری لە کلیسای میسیۆن شیرکا لە شاری ئوپسالای سوئید پێک هاتبوو. |  |
| ١٨ | ١١ای ئاوریلی ٢٠١٥ | بەیاننامە بەبۆنەی ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان : ڕێکخراوی لاوان لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٢٢ی هەتاوی بەهەوڵو کاریگەریی کۆمەڵێک لاوی تێکۆشەرو ئازادیخوازی وەک غەنی بلووریان، میرزای خوسرەوی ، عەلی مەولەوی ، ئەحمەدی ساڵحیان، عەزیز فەرهادی و هێندێک لاوی بە بیرو باوەڕی دیکەی شاری مەهاباد بە ناوی (سازمانی جەوانانی کورد) دەستی بە کارو تێکۆشان کردوە. | |
| ١٩ | ١١ای ئاوریلی ٢٠١٥ | بە پێی ڕاپۆتی بەشی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی لاوان، ئەندامانی ئەو ڕێکخراویەو لاوانی پارێزەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی رەبەت بە بۆنەی ٢٢ی خاکەلێوە، ٧٢هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان، هەروەک چۆن لە رابردوودا پشتیوان و پێشمەرگەی دێموکرات بوون، یادی دامەزرانی ڕێکخراوەکەی خۆیان بەرز ڕاگرت. |  |
| ٢٠ | ١٢ای ئاوریلی ٢٠١٥ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی کۆمەڵەی کوردانی فەیلی لە شاری ئۆرێبرو، هەیئەتێکی کۆمیتەی حدک پێکهاتوو لە هاوڕێیان مامۆستا سیروان حەفیدی، کەریم بابەبکری، عومەر گەردی و ڕەحیم قادرزادە، لە ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی کارەساتی ٣٥مین ساڵیادی جینۆساید کردنی کوردانی فەیلی، لە لایەن حکومەتی ڕوخاوی بەعسەوە بەشداریان کرد |  |
| ٢١ | ١٣ای ئاوریلی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی نوێنەرایەتی حیزب بەرێزان کاک فەرزاد حیکمەت بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی بریتانیا ، کاک کەیوان شێرزاد ئەندامی کۆمیتەی بریتانیا و کاک هیوا رەزایی، لە کەرنەڤاڵی پشتگیری لە پێشمەرگە لە شاری بێرمینگهام لە وڵاتی بریتانیا و پەیامی نوێنەرایەتی حیزبیان پێشکەش کرد. |  |
| ٢٢ | ١٤ای ئاوریلی ٢٠١٥ | ڕۆژەکانی ٢٢ تا ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ای هەتاوی (١١ تا ١٣ای ئاپریلی ٢٠١٥ی زایینی) ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، دوازدەهەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی بەڕێوە برد. | |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٣ | ١٤ای ئاوریلی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، لە هاوینەهەواری پیرمام، سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد. هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن شاندی خانەخوێ بە سەرپەرستیی کاک فازل میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازیی لێ کرا. |  |
| ٢٤ | ١٥ای ئاوریلی ٢٠١٥ | کۆچی دوایی کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری کورد : حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە تایبەتی تێکۆشەرە دێرینەکانی هەمیشە یادی حاجی ئاغا وەک دۆستێکی گەورە لە دڵیان دا دەپارێزن و بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی و دۆست و خزمانی و عەشیرەتی میرئاودەلی دەکەن و خۆیان لەم کۆست کەوتنە دا بە شەریک دەزانن. |  |
| ٢٥ | ١٧ای ئاوریلی ٢٠١٥ | وتووێژی ماڵپەڕی چرکە لەگەڵ قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان : حزبی دێموکراتی کوردستان یەک لەو حیزبانەی رۆژهەڵات بوو کە هەر زوو ئامادەیی هێزی پێشمەرگەی خۆی بۆ بەرگری لە خەڵک و خاکی هەرێم و راوەستان بەرامبەر پەلاماردەرانی سەر بە داعش راگەیاند. |  |
| ٢٦ | ١٨ای ئاوریلی ٢٠١٥ | بۆ رێزنان لە ئازایەتی و قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بیرەوەریی شەهیدانی سەربەرزی نیشتمان لە شەڕی داگیرکەرانی کوردستاندا کۆڕە شێعرێک لە شاری هەولێر بۆ شاعیران بۆتان جەلال، زیاد نادر و رەسووڵ سوڵتانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و شاعیری خاوەن هەستپێک هێنا. |  |
| ٢٧ | ١٨ای ئاوریلی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی کۆمیتە ناوچەی ئۆستفۆڵدی حدک پێکهاتوو لە هاوڕێیان حەسەن خەمبار و غەفوور واوەیی، لە سەر بانگهێشتنی بازنەی بزووتنەوەی گۆران لەو ناوچەیە سەردانی ئەوانیان کرد و لە لایەن بەرێزان مامۆستا عەدنان، مامۆستا عوسمان و کاک سەلمان پێشوازیان لێکرا. |  |
| ٢٨ | ١٩ای ئاوریلی ٢٠١٥ | ئامۆژشی یەکێتی لاوان لە نۆروێژ بە بۆنەی ٧٢هەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکێتی لاوانی دێموکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، سمینارێکی سەبارەت بە کێشەی ئابووری، مادەهۆشبەرەکان و تەڵاق لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەرێز سەیران بایەزید حسەینی چالاکی سیاسی و ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهێنا. |  |
| ٢٩ | ١٩ای ئاوریلی ٢٠١٥ | رێزدار خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەویەکدا بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتبوو، تیشکی ختسەسەر باسەکانی پلینۆمی ١٢ای حیزبی دێموکڕاتو باسی لە خوێندنەوەو تێڕوانینی حیزبی دێموکڕات لە هەمبەر پرسە رۆژەڤەکانی کورد لە ئێران و کوردستان کرد. |  |
| ٣٠ | ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەسەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب و بەهاورێیەتیی ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە هەولێر سەردانی پارلمانی کوردستانی کردو لەلایەن دوکتۆر یوسف محەممەد سەرۆکی پارلمانەوەپێشوازییان لێکرا. |  |
| ٣١ | ٢١ی ئاوریلی ٢٠١٥ | رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٥٤، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئەدەبی، رۆشنبیری، ئابووری و تایبەت بە پرسی ژنان و بەیاننامە و راگەیێندراوە فەرمییەکانی حیزب و هەواڵی کاروچالاکی کۆمیتە و ئۆرگانەکانی حێزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٣٢ | ٢١ی ئاوریلی ٢٠١٥ | ژمارە ١٥٣ی دنیای منداڵان چاپ و بڵاو کرایەوە، گۆڤاری دنیای منداڵان، بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە کە رێکخراوی منداڵ پارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو دەکاتەوە. |  |
| ٣٣ | ٢٣ی ئاوریلی ٢٠١٥ | لەو رێورەسمەدا بەبەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و میوان بەرێوەچوو، یادی دامەزران و دامەزرێنەرانی یەکیەتیی لاوان بەرز راگیرا. |  |
| ٣٤ | ٢٣ی ئاوریلی ٢٠١٥ | پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان : هیوا خوازین بە کار وتیکۆشانی بێ وەچان ئایندەیەکی گەش بۆ خۆیان و نەوەکانی داهاتوولە کوردستان دابین بکەن. بەهیوای سەرکەوتن و وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان. |  |
| ٣٥ | ٢٥ی ئاوریلی ٢٠١٥ | لە شاری وێسترۆس، لەسەر بانگهێشتی کۆمەلەی کوردی ئەو شارە کۆبوونەوەیەک بۆ کۆمەلە کوردییەکان و نوێنەرایەتی حیزبە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهات. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦ | ٢٦ی ئاوریلی ٢٠١٥ | شاندێکی لاوانی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست بەسەرپەرەستیی رائید بو حەمدان، سکرتێری لاوانی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست لە جیهانی عەرەبی، سەردانی بنکەی ناوەندیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد و لەلایەن شاندێکی یەکیەتیی لاوان بە سەرپەرەستیی پێشەوا عەلی پوور، سکرتێری گشتیی یەکتیی لاوانەوە پێشوازیان لێکرا. |  |
| ٣٧ | ٢٧ی ئاوریلی ٢٠١٥ | فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی دەورەی ٢١١ی سەرەتایی پێشمەرگە ڕێورەسمێکی بەڕێوە برد. لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەشداریی دەسیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوەچوو، بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ڕێژەی نیزامیی بەشدارانی دەورەکە دەستی پێکردو برگەکانی دیکەی ڕێورەسمەکە لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی کۆرو کۆبوونەوەکانی حیزبدا درێژەی پێدرا. |  |
| ٣٨ | ٢٨ی ئاوریلی ٢٠١٥ | دوو کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و پارتی دێموکڕاتی کوردستان، لە بارەگای پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە ئۆرێبروو،ی سوئید، دیدارێکی دۆستانەیان بەڕیوە برد. |  |
| ٣٩ | ٢٨ی ئاوریلی ٢٠١٥ | لەسەر بانگهێشتی ئەندام پاڕلەمانەکانی حیزبی سوسیال دێموکرات و پارتی چەپی سوئێد، بۆ پێشاندانی فیلمێکی بەڵگەیی و کۆڕێکی پرسیار و وەڵام، وەفدێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە هاوڕێیان عەزیز سەیدنژادیان و کەماڵ گروێسی، بەشداریی کۆڕەکەیان کرد. |  |
| ٤٠ | ٢٨ی ئاوریلی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی عومەر ئیلخانی زادە، سکرتێری کۆمەڵە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کردو لە لایەن هەیئەتی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٤١ | ٢٩ی ئاوریلی ٢٠١٥ | کۆمیتەی دەرەوەی پاڕلمانی نۆروێژ بە مەبەستی سەردانێک بۆ ئێران، کۆبوونەوەیەکی دەگەڵ هێز و لایەنە کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینێکانی ئێرانی لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی پاڕلمانی نۆروێژ پێکهێنا، کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەبە ڕەسمی بانگهێشتی ئەو کۆبوونەوەیە کرابوو بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوو. |  |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا




سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com




| لاپەڕەی : ١ | | مانگی مەی : ٢٠١٥ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی مەی ٢٠١٥ | پیرۆز بایی ناوەندی ڕاگەیاندنی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ١ی مانگی مای، ڕۆژی نێونەتەوەیی کریکاران. |  |
| ٢ | ٢ی مەی ٢٠١٥ | سمینارێک بۆ بەریز سمایل بازیار، مامۆستای زانکۆو ئەندامی ڕێبەریی پێشووی حیزبی دێموکڕات لە ژێر ناوی" خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سەرهەڵدانی جوڵانەوەی ٤٧-٤٦" بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کەسانی میوان لە ساڵرۆژی شەهیدبوونی شەهید سمایل شەریفزادەداو باسێکی پێشکێش کرد. |  |
| ٣ | ٢ی مەی ٢٠١٥ | بەشی تەشکیلاتی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید، بە مەبەستی پێداچوونەوە بە بڕیار و ڕاسپاردەکانی دوایین کۆنفڕانسی کومیتە و بۆ پێداچوونەوە بە کەموکوڕی و هەڵسەنگاندنی کاروتێکۆشانی چەند مانگی رابردوو و هاوکات دارشتنی پلان و بەرنامە بۆ داهاتووی کاروباری حیزبی لەو وڵاتە، کۆبوونەوەیەکی بۆ لێپرسراوی کومیتە و بەرپرسی تەشکیلاتی کومیتەی شارە جیاوازەکانی سوید، لە شاری ئۆرێبروو ڕێکخست. |  |
| ٤ | ٣ی مەی ٢٠١٥ | خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی سکرتاریای یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستانی کردو لەلایەن شاندێکی یەکیەتیی لاوان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتیی رێکخراو پێشوازی لێ کرا. |  |
| ٥ | ٤ی مەی ٢٠١٥ | بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمێک کەلە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان و رێکخراوی کۆژین بۆ یادی ٢٧ ساڵەی ئەنفالی سنووری کۆیە لە ژێر درووشمی "تاوانەکانی داعش، تەواوکەری تاوانەکانی ئەنفالی بەعسە" لە سەر مۆنۆمێنتی ئەنفال لە کۆیە پێک هاتبوو . |  |
| ٦ | ٤ی مەی ٢٠١٥ | شاندێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرپەرستیی عەدنان مفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کردو لەلایەن شاندی خانەخوێ بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٧ | ٥ی مەی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی بارەگای "کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیست"ی کردو لەلایەن هەیئەتێکیی ڕێبەری کۆمەڵە، بە سەرپەرستیی ئیبراهیم عەلیزادە، دەبیر ئەوەڵی ئەو ڕێکخراوەیە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٨ | ٥ی مەی ٢٠١٥ | هەڵوێستی رەسمیی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سەر مەرگی دڵتەزێن و بە ناحەقی فەریناز خوسرەوانی : ئەم جینایەتە دڵتەزێنە مەحکوم دەکەین و داوا دەکەین کە فەریناز و فەینازەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان چیدیکە تەنیا نەبن و خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی ژنانی هەمیشە بوێری کورد یەکگرتووانە دەنگی نارەزایەتی خۆتان هەڵبرن و جینایەتکاران بە سزای خۆیان بگەیەنن .: | |
| ٩ | ٥ ی مەی ٢٠١٥ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٥٦ ، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، بەیاننامە و ڕاگەیاندراوە رەسمییەکانی حێزب، هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و چەندین بابەتی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی و هونەری کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ١٠ | ٧ی مەی ٢٠١٥ | ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی لاوان لەپێوەندی لەگەڵ مەرگی فەریناز خوسرەوانی دا : سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بنەماڵەی (فەریناز خوسرەوانی) دەکەین و سەبووریش بۆ خزم و کەس و کاری بە ئاوات دەخوازین. | |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١ | ٨ی مەی ٢٠١٥ | حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا وێڕای مەحکوومکردنی پەلاماری دەستدرێژی کردنە سەر فەریناز خوسرەوانی کە بووە هۆی مەرگی ناوبراو؛ داوای لە چەکدارە کوردەکانی ڕێژیم لە مەهاباد کردوە تا بەجێی سەرکوتی خوشک و براو هاوشاری و هاونەتەوەی خۆیان هاودەنگیان بن. |  |
| ١٢ | ٨ی مەی ٢٠١٥ | ڕاگەیەندراوی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات یەک لەوان یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ گیان لەدەستدانی فەریناز خوسرەوانی. |  |
| ١٣ | ٨ی مەی ٢٠١٥ | خۆپیشاندانی کوردانی شاری یۆتێبۆری سوید، بۆ پشتگیری لە خەڵکی شاری مەهاباد: کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری یۆتێبۆری، لەو خۆپیشاندانە دا بەشدار بوون و دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی هەموو ئازادی خوازانی کورد و نەیارانی سیاسەتی ئینکار و کوشت و بڕی ڕژیمی ئیسلامی ئێران. |  |
| ١٤ | ٨ی مەی ٢٠١٥ | لە سەر بانگەوازی هاوبەشی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان لە وڵاتی دانمارک بۆ هەموو ریکخراوە سیاسیە کوردستانییەکان و ریکخراوە مەدەنییەکانی دانیشتووی وڵاتی دانمارک پشتگیری خۆیان بۆ ڕاپەڕینی مەهاباد و ڕۆژهەڵات دووپات کردەوە. |  |
| ١٥ | ٨ی مەی ٢٠١٥ | بەیاننامە: خەڵکی زامداری مەهاباد چاوەڕوانی پشتیوانیی خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستانن : حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی دووبارەی پەلاماری دەستدرێژیکەرانە بۆ سەر فەریناز خوسرەوانی کە بووە هۆی مەرگی ناوبراو، بێدەنگنە بوون‌و هەڵویستگرتنی خەڵکی قارەمانی مەهاباد لە ئاست ئەو تاوانە، بەرز دەنرخێنێ. |  |
| ١٦ | ٨ی مەی ٢٠١٥ | حیزبی دێموکڕاتی کوردستان داوای لە خەڵکی سەرجەم شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە بە کردەوە پشتیوانیی خۆیان لە خەڵکی زامداری مەهاباد ڕابگەیەنن و ئیستا نۆرەی خەلکی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتە کە بە پشتیوانیی مەهابادی خرۆشاوی زامدارەوە بچن. | |
| ١٧ | ٨ی مەی ٢٠١٥ | یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە کۆڕوکۆبوونەوە نێونەتەوەییەکان پشتیوانی کۆدەکاتەوە و ڕەوایی دۆزی کورد بە ڕێکخراوەکانی لاوانی جیهان دەگەیەنێت و لەناوخۆی ڕۆژهەڵاتیشدا وەک پێشتر سەلماندوومانە، ئێستا و داهاتووش بەشێک دەبین لە چالاکییە مەدەنی و چەکدارییەکان و تا گەیشتن بە ئامانجیش لەگەڵتان بەردەوام دەبین. |  |
| ١٨ | ١٠ی مەی ٢٠١٥ | نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان کە لە ١٤ حیزبی چوارپارچەی کوردستان پێکهاتوون، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان کردو لە لایەن شاندی ڕێبەریی حیزبەوە بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ١٩ | ١٠ی مەی ٢٠١٥ | ئەندامانی هێزو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و دانیشتووانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان لە بەردەم پارلمانی کوردستاندا وێڕای کۆبوونەوەو دەربڕینی نارەزایەتی سەبارەت بە مەرگی فەریناز خوسرەوانی، داوای ئازاد کردنی گیراوانی ئەم ڕووداوانەیان کرد. |  |
| ٢٠ | ١٠ی مەی ٢٠١٥ | لە سەر بانگهێشتی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پشتگیری و بە پیرەوە هاتنی کۆمیتەی هاوکاری کۆمەڵە کوردییەکان لەو ناوچەیە و بەمەبەستی پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری مەهابادو هەروەها ڕیسوا کردنی سیاسەتی دژ بە کورد لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردستانیانی هەر چوار پارچەی کوردستان نیشتەجێ لە باشووری وڵاتی سۆئێد، لە شاری مالمو کۆبوونەوە. |  |
| ٢١ | ١٠ی مەی ٢٠١٥ | بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕوژهەلاتی کوردستان و ئەندامانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەدەفەری پشدەر بەڕێوەچوو، و پشتیوانی لە داخوازی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و نارەزایەتییەکانیان کرا. |   |
| ٢٢ | ١١ی مەی ٢٠١٥ | فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆیە بە هاوکاریی ناوەندی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو پارکی شارداو لە ئاکسیۆنێکدا پشتیوانیی خۆیان لە خەڵکی مهابادو شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕی. | |
| ٢٣ | ١٢ی مەی ٢٠١٥ | لە سەر بانگەوازی کۆمیتەی حدک لە شاری یوتوبوری ٩ حیزب و ڕێکخراوی سیاسی هەر چوار پارچەی کوردستان، بۆ تاوتوێی کردنی جەنایەتی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی شاری سەربەرزی مەهاباد کۆبونەوە. |  |
| ٢٤ | ١٢ی مەی ٢٠١٥ | بەڕێز قادر وریا ئەندامی سەرکردایەتیی حدک بە "الشرق الاوسط"ی گوتوە: "حکومەتی ئێران ئەوپەڕی حاڵەتی ئامادەباشی لە شارەکانی کوردستانی ئێران ڕاگەیاندووە و لەسەر ناردنی هێزەکانی بۆ ئەو ناوچانە بەردەوام بووە. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٥ | ١٢ی مەی ٢٠١٥ | بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتوویژ لەگەڵ دەنگی ئەمریکادا دەڵێ : بە مافی خۆمانی دەزانین بە هەموو ڕێگایەک، چ نیزامی، چ مەدەنی، چ جموجۆڵی تەشکیلاتی کۆماری ئیسلامی ناچار بکەین ئاوڕ لە مافی نەتەوەیی کورد بداتەوە. |  |
| ٢٦ | ١٣ی مەی ٢٠١٥ | لە سەر بانگەوازی پارت و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنیەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان. و بە مەبەستی پشتگیری و پشتیوانی لە سەر هەڵدانی خەڵکی شاری مەهاباد و بۆ هەرچی زیاتر ڕیسوا کردنی سیاسەتی سەرکوت ڕژیمی ئیسلامی ئێران، لە بەر دەرکی باڵوێزخانەی ڕژیمی ئێران لە برۆکسێل،ی پایتەختی وڵاتی بلژیک کۆبوونەوە. |  |
| ٢٧ | ١٣ی مەی ٢٠١٥ | ڕێزدار خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتوویژ لەگەڵ کاناڵی ئاسمانیی ئەلجەزیرەدا بەرگریی لە خۆپیشاندانەکەی خەڵکی مەهابادو سەردەشت کردو گوتی هەموو هەوڵی ناوەندە ئەمنیەتییەکان ئەوەیە لە ڕێگەی سەرکوتەوە نەهێڵن ئەو خۆپیشاندان و ڕاپەڕینانە پەرە بستێنن. |  |
| ٢٨ | ١٣ی مەی ٢٠١٥ | پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەموو ڕێکخراوو دامەزراوە جیهانییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ : وەدەنگهاتنی بە وەختی ئێوە، خەڵکی داواکاری ئازادی، دیموکراسی و مافە نەتەوەییەکان لە دەستدرێژی و سەرکوت و تۆڵەستاندنەوە دەپارێزێ. | |
| ٢٩ | ١٣ی مەی ٢٠١٥ | بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە کوشتنی فەریناز خوسرەوانی و پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی مەهاباد و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتوویی نۆرویژ لە بەر پارڵمانی ئەو وڵاتە لە ئۆسلۆ کۆبوونەوە و وێرای ڕیسواکردنی کوشتنی فەریناز خوسرەوانی، دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی خەڵکی وەزاڵە هاتوویی مەهاباد و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |  |
| ٣٠ | ١٣ی مەی ٢٠١٥ | سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکی تایبەت لەگەڵ کوردکاناڵ دا دەڵێ : خەبات و بەرگریی چەکداری بە مافی بێ ئەملاو ئەولای خۆمانی دەزانین. |  |
| ٣١ | ١٤ی مەی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی کونسولگەریی ئەمریکا بە سەرپەرستیی، ژۆزێف پێنینگتۆن، سەرکونسولی ئەمریکا لە هەولێر سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن شاندێکی ڕێبەریی حیزبەوە بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٣٢ | ١٤ی مەی ٢٠١٥ | سکرتێری گشتیی حزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێز خالید عەزیزی لە وتوویژ لەگەڵ ئاژانسی ئاناوڵ دا دەڵێ : ستراتێژی ئێران خوڵقاندنی قەیرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. |  |
| ٣٣ | ١٥ی مەی ٢٠١٥ | یەکێک لە گۆڕەپانەکانی شاری بەرن،ی پایتەختی سوئیس لە نزیک باڵوێزخانەی ڕژیمی ئیسلامی ئێران و بە بەشداری کۆمەڵێک لە کوردانی دانیشتووی ئەو دەڤەرە، بە مەبەستی پشتیوانی لە خۆپیشاندان و داخوازیەکانی خەڵکی مەهاباد و سەردەشت و باقی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆپێشاندانێک وەڕێخرا. ئەم خۆپێشاندانە کە لە لایان کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە ڕێک خرابوو، |  |
| ٣٤ | ١٥ی مەی ٢٠١٥ | دەستەیەکی چوارکەسی بریتی لە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، حدکا و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەردانی وەزارەتی دەرەوەیان کرد و لەلایەن شاندێکی وەزارەت بە سەرپەرستیی خاتوو تینا لاروالا(Tina Larvala) بەرپرسی کاروباری کەنداوی فارسی بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٣٥ | ١٥ی مەی ٢٠١٥ | بە درووشمی هەموومان فەرینازین، بە دەست پێشخەری کۆمیتە ناوچەی ڕۆگەلاندی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆپێشاندانێکی جەماوەری بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری مهاباد و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری ستاوانگێر بەڕیوەچوو. |  |
| ٣٦ | ١٦ی مەی ٢٠١٥ | لە سەر بانگەوازی کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان وگرۆپی ئارارات و بە بەشداری دەیان کەس لە کوردستانیانی هەرچوارپارچەی کوردستان، ئەندام و دۆست و لایانگرانی حیزب وچەند کەسایەتی سیاسی ونوسەری ڕۆژئاوای کوردستان، خۆپێشاندانێکی گەورە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو. |  |
| ٣٧ | ١٧ی مەی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی کۆمیتەی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند بە مەبەستی هەوڵدان و لێک نیزیک کردنەوەی بۆچوونەکان بۆ پێکهێنانی کۆمیتەیەکی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو وڵاتە.لەگەڵ شاندێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کۆبۆوە. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨ | ١٧ی مەی ٢٠١٥ | لە دیدارێکی دۆستانە کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەگەڵ کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە فینلاند بەڕێوە چوو. لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێک باسی گرینگ لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە خرانە بەرباس. هەروها پێداگری لە سەر پێویستیی هاوکاری زیاتری حیزبە کوردستانیەکان لە وڵاتی فینلاند. |  |
| ٣٩ | ١٧ی مەی ٢٠١٥ | بە دەست پێشخەری کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەوڵ و ماندووبوونی ڕەوەندی کوردی لە وڵاتی هولەند، کۆبوونەوەیەک بۆ پشتگیری لە سەرهەڵدانی مەهاباد لە بەردەم باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە شاری دێنهاخ ڕێکخرا. |  |
| ٤٠ | ١٧ی مەی ٢٠١٥ | کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فینلاند لەگەڵ بەرپرسانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە فینلاند بە مەبەستی هاوکاریی و هاوئاهەنگی زیاتری نێوان حیزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان لەو وڵاتە کۆبۆوە و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد. |  |
| ٤١ | ١٧ی مەی ٢٠١٥ | ئەنجومەنی کۆمەڵە کوردییەکان لە ڕۆژئاوی یوتەلاند لە وڵاتی سوید بە هاوکاری و پشتیوانی ١٠ حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری یۆتۆبۆری سوید ڕێپیوانێکیان ساز کرد. ئەو ڕێپێوانە بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی شاری مەهاباد وەڕێخرابوو. |  |
| ٤٢ | ١٧ی مەی ٢٠١٥ | سوید: بە دەستپێشخەری کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ئوپسالا،ی سوید و بە هاوکاری کۆمەڵەی سویدی-کوردی و یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەو شارە، خۆپیشاندانێکیان بۆ پشتگیری سەرهەڵدانی خەڵکی مەهاباد و شارەکانی دیکە ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕێکخست. |  |
| ٤٣ | ١٨ی مەی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان لە زرگوێزەڵەیان کرد. و لەلایەن شاندی کۆمەڵە بە سەرپەرستیی عەبدوڵلا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٤٤ | ١٨ی مەی ٢٠١٥ | کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ویلایەتی کوینزلاند لە ئوسترالیا بە مەبەستی ئاگادار کردنەوەی دەسەڵاتدارانی ئوستورالی لە ڕەوشی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت ئاوڕ دانەوە لە بارودۆخی گیراوانی ٧ی مەی شاری مەهاباد سەردانی خاتوو کلێر مۆر سناتۆر لە حیزبی کاری ئوسترالی یان کرد. |  |
| ٤٥ | ٢٠ی مەی ٢٠١٥ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٥٧ ، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، بەیاننامە و ڕاگەیاندراوە ڕەسمییەکانی حێزب، هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و چەندین بابەتی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی و هونەری کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٤٦ | ٢١ی مەی ٢٠١٥ | بەشداریی کۆمیتەی دانیمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەڕێوەچوونی ئاکسیۆنێکی نارەزایەتی لە لایەن کوردانی دانیشتووی شاری "ئۆبێنغۆ،ی وڵاتی دانیمارک بۆ پشتگیری لە خەڵکی مەهاباد. |  |
| ٤٧ | ٢١ی مەی ٢٠١٥ | کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هاتوو لە سەڵاح پوورئەسەد و کامران سۆهرابی لە ویلایەتی کوینزلاند لە ئوسترالیا بە مەبەستی تاوتوێ کردن و ئاوڕدانەوە لە وەزعی گیراوانی ٧ ی مەی شاری مەهاباد سەردانی " گراهام پیریت " ئەندامی پارلمانی فیدارلی ئوسترالی،یان کرد. |  |
| ٤٨ | ٢٣ی مەی ٢٠١٥ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی دانمارک شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرشتی هاوڕێ ڕەحیم خالیدنژاد بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی کۆمیتەی دانمارک بەشداری کۆنگرەی ساڵانەی ئەو فیدراسیۆنەیان کرد. |  |
| ٤٩ | ٢٣ی مەی ٢٠١٥ | بەڕێز سەعدی ئەحمەد، پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ تاوتوێی بارگرژیی نێوان پ ک ک و حدکا سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد. لە لایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازی لێ کرا. |  |
| ٥٠ | ٢٤ی مەی ٢٠١٥ | بەڕێز عومەر باڵکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا لە گەڵ تۆری میدیا ڕووداو گوتی : بەرپرسایەتیی تێکهەڵچوونەکەی نێوان پ ک ک و حدکا لە ئەستۆی "پ ک ک"یە. |  |
| ٥١ | ٢٤ی مەی ٢٠١٥ | بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بارەی تێکهەڵچوونی گریلاکانی پ ک.کا لەگەڵ پێشمەرگەکانی حدکا: ئێمە وێڕای دەربڕینی هاوخەمیمان لە گەڵ بنەماڵەو هاوسەنگەرانی قوربانییەکانی ئەم شەڕو تێکهەڵچوونە داخاوییەو هیوادارین سەرکردایەتیی پ ک.کاش هاوکارو یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی ئەم جۆرە ڕووداوانە دووپات نەبنەوەو بزووتنەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، لە سۆنگەی ئەم جۆرە ڕووداوانە زیانی زیاتر نەبینێ. | |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٢ | ٢٤ی مەی ٢٠١٥ | حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا وێڕای مەحکومکردنی هێرشی گریلاکانی پێ کاکا بۆ سەر پێشمەرگەکانی حدکا دەڵێ سیاسەتی دەستوەردانی پ ک ک لە کاروباری بەشەکانی دیکەی کوردستان هەر لە کۆنەوە، سەرچاوەی گرژی و ناکۆکی لە گەڵ هێزەکوردییەکان بووە. |  |
| ٥٣ | ٢٥ی مەی ٢٠١٥ | لە دەفتەری پێوەندییەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، هەیئەتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و سازمانی خەبات، پێکەوە کۆبوونەوە. هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەم دانیشتنە هاوبەشە لە حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسی و، برایم زێوەیی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە هەولێر پێک هاتبوو. |  |
| ٥٤ | ٢٥ی مەی ٢٠١٥ | ئێمە وەک ناوەندی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات داوا لە سەرجەم لایەنە سیاسیە کوردیەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و بە تایبەت ڕۆژهەڵات دەکەین تا هەموو هەوڵەکانی خۆیان وەگەڕ بخەن بۆ پاراستنی یەکدەنگی و یەکریزی بزاڤی گەلی کورد و ڕێگە نەدەن شەڕ لە نێوان هێزە کوردیەکان روو بدات. |  |
| ٥٥ | ٢٧ی مەی ٢٠١٥ | ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە کۆچی دوایی کادرێکی بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری خوالێخۆشبوو مەلاسمایل بامرادی دەکاو خۆی لە پەژارەی لە دەستدانی ئەو کادرە بەوەجەی حیزب لە گەڵ بنەماڵەو کەسوکاری بە شەریکە خەم دەزانێ. |  |
| ٥٦ | ٢٧ی مەی ٢٠١٥ | بەڕێز قادر وریا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی دێموکراتی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ "وشە" : ناکرێ پرسی هەموو بەشەکانی کوردستان لە ڕۆژەڤدا بێت بەڵام دەرگا لەسەر ڕۆژهەڵات دابخرێت. |  |
| ٥٧ | ٢٨ی مەی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی قادروریا، سەردانی پێوەندییەکانی کۆنسەی سەرکردایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بناری قەندیلی کرد. |  |
| ٥٨ | ٢٨ی مەی ٢٠١٥ | دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی تەقە لە پۆلێک پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کورستانو رووماڵی ئەو هەواڵە لەلایەن تۆڕی میدیایی ڕووداو، مستەفا مەولوودی، جێگیر سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرزاییەکانی هەڵگوردەوە بە پەیامنێری ڕووداوی راگەیاند کە ئێمە دەمانەوێ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە وتووێژمان هەبێ. |  |
| ٥٩ | ٢٨ی مەی ٢٠١٥ | بەڕێز خالید وەنەوشە، فەرماندەی ئەو هێزی چیای هەڵگورد بە ئاژانسی ئانادۆڵ دەڵێ بۆ ڕشتنی خوێنی کورد نەهاتووینەتە ئێرە، ئێمە تەنیا کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دوژمنی خۆمان دەزانین. چوونەوە بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جێبەجێکردنی چالاکی و بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتە. |  |
| ٦٠ | ٢٨ی مەی ٢٠١٥ | ژمارە ١٥٥ی دنیای منداڵان چاپ و بڵاو کرایەوە، گۆڤاری دنیای منداڵان، بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە کە ڕێکخراوی منداڵ پارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو دەکاتەوە. |  |
| ٦١ | ٢٩ی مەی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی حدکا بە سەرپەستیی تەیمور مستەفایی سەردانی سکرتاریای حیزبی دێمۆکراتی کوردستان یان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی مستەفا مەولودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٦٢ | ٢٩ی مەی ٢٠١٥ | بە مەبەستی ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکان : بەڕێز قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕوونکردنەویەک دا دۆخەکە بە ئاسایی وەسف دەکات و داوا دەکات کە هەموو بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی لەگەڵ دۆخەکە دا هەڵسووکەوت بکەن. | |
| ٦٣ | ٣٠ی مەی ٢٠١٥ | کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید، سمینارێکی گشتی بۆ بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزب پێک هێنا. لەو سمینارە دا کە نوێنەرایەتی بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان، سەدان کەس لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی سوید و بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان، دۆست و لایانگرانی حیزب لەو وڵاتە و هەروەها پەیامنێری چەندین ڕاگەیاندنی کوردستانی و جیهانی ئامادە بوون، |  |
| ٦٤ | ٣٠ی مەی ٢٠١٥ | لە سەر بانگەوازی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەوڵاتی دانمارک بە مەبەستی دیدار نوێ کردنەوە و هاوکات پێداچوونەوە بە کاروچالاکی چەند مانگی رابردوو و دارشتنی بەرنامە و پلانی تۆکمەتر بۆ تێکۆشانی حیزبی، کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامان و دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی سەیرانێکی بەهاری دا لە دەوری یەک کۆبوونەوە. |  |
| | | | |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦٥ | ٣٠ی مەی ٢٠١٥ | دوابەدوای سیمناری گشتی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ کوردانی دانیشتووی وڵاتی سوید، لە سەر داوای بەشی تەشکیلاتی کۆمیتەی حیزب لەو ولاتە، سمینارێکی بەرینی تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی حیزبی دێموکارتی کوردستان پێک هات. |  |
| ٦٦ | ٣٠ی مەی ٢٠١٥ | سمینارێک بۆ ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەڵمانی بە ڕەگەز میسری، کەریم ئەل گەوهەری لە شاری لیدزی وڵاتی ئوتریش پێک هات. لە سەر بانگهێشتی فەرمی ڕێکخەرانی ئەو سمینارە، هاوڕێیان پەرۆش قادری و عەلی بەقایی بە نوێنەرایەتی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش بەشداری ئەو مسینارەیان کرد. |  |
| ٦٧ | ٣١ی مەی ٢٠١٥ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هاتوو لە هاوڕێیان حەسەن ڕەستگار، حەمەدەمین ڕەشیدی، عومەر ئەمینی و حەسەن ئەهوەن، بەشداری ئەو ڕێوڕەسمەیان کرد و پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان گەیاندە هەواڵانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. |  |
| ٦٨ | ٣١ی مەی ٢٠١٥ | لە بارەگای کۆمیتەی ڕێکخستنی بریتانیا،ی یەکێنی نیشتمانی کوردستان لە بێرمینگهام ، بە بەشداری ئەندامان و دۆستان و لایانگرانی ئەو حیزبە یادی چلەمین ساڵەی خەباتیان کردەوە. لە سەر بانگهێشتی فەرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بێرمینگهام بەشدار بوون. |  |

**سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا**




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کۆبەندی بەشێک لە کار و چالاکییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

## مانگی جوونی ٢٠١٥



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ای جوونی ٢٠١٥ | پەیامی پیرۆزبایی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان : بە بۆنەی هاتنی ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە لایەن ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پیرۆزبایی لە هەموو منداڵانی جیهان بە تایبەت منداڵانی کوردستان دەکەین. | |
| ٢ | ای جوونی ٢٠١٥ | بەبۆنەی یەکی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵان جێژنێک بەبەشداریی سەدان منداڵی بنەماڵەکانی نیشتەجێ لە بنکەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو. |  |
| ٣ | ای جوونی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر بە سەرپەرستیی ئیبراهیم زێوەیی سەردانی مەڵبەندی ٣ی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی لە هەولێر کرد و لە لایەن رزگار عەلی، بەرپرسی مەڵبەندو کۆمەڵێکی لە بەرپرسانی دیکەی یەکێتی یەوە ،پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ۴ | ٢ی جوونی ٢٠١٥ | ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ساڵیادی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد و هەروەها سەقامگیری هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە شاخەکانی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد. |  |
| ۵ | ٢ی جوونی ٢٠١٥ | سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکدا لەگەڵ تۆڕی میدیایی "ڕووداو" : بە مافی خۆمان دەزانین کە لە ناوچە سنوورییەکان و لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان حزووری بەرچاومان هەبێ و ئەگەر هێرشمان بکرێتە سەر، بەرگری لە خۆمان بکەین. |  |
| ٦ | ٣ی جوونی ٢٠١٥ | یەکیەتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ شیکردنەوەی زیاتری چۆنیەتیی ڕووداوی لە سێدارەدرانی ٥٩ لاوی شاری مەهاباد لە ساڵی ٦٢ هەتاوی سمینارێکی بۆ کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات پێک هێنا. |  |
| ٧ | ۴ی جوونی ٢٠١٥ | خالید عەزیزی لە وتووێژ لەگەڵ چوار ڕۆژنامەی عەرەبیی " القبس"، " المستقبل"، " الحوار المتمدن" و "بەیروت" پێی لەسەر ئەوە داگرتوە کە کۆماری ئیسلامی بە دەستێوەردان لە وڵاتانی یەمەن، سووریە، عێراقو لوبنان قەیرانەکانی خۆی دادەپۆشێ. |  |
| ٨ | ۴ی جوونی ٢٠١٥ | ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر سەردانی بارەگای پارتی گەشەپێدانی تورکمان لەو شارەی کردو لە لایەن محمد ئیلخانی، سەرۆکی ئەو حیزبەوە پێشوازیی لێکرا. |  |
| ٩ | ۵ی جوونی ٢٠١٥ | ڕۆژنامەی کوردستان،ژمارە ٦٥٧ ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە لایە کۆمێسیۆنی چاپەمەنی حیزبەوە چاپ و بڵاو کرایەوە. ڕۆژنامەی کوردستان، زمانغاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانە و ڕوانگە و بیروو بووچی سیاسیی ئەو حیزبە دەگرێتە خۆی. |  |
| ١٠ | ۵ی جوونی ٢٠١۵ | ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کورستان : مەرگی مامۆستا ئەحمەد قازی بە خەسارێک بۆ کوردو بە تایبەت بۆ کۆمەڵگای ئەدەبیی کورد دەزانێ و؛ وێڕای ڕوانین بە چاوی ڕێزەوە لە خزمەتە ئەدەبییەکانی ئەحمەد قازی؛ خۆی بە شەریکە خەمی بنەماڵەو کەسوکاری دەزانێ. |  |
| ١١ | ٧ی جوونی ٢٠١۵ | سمینارێک لەسەر کێشە کۆمەڵایەتێکان، بە تایبەت بەزۆر ژیانی هابەش پێکهێنان، لە لایەن کۆمەڵەی کولتووری پاکستان و یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە یەکێک لە هۆتێلەکانی ناوچەی ڕۆمەریکە بە بەشداری بەشێک لە ئەندامانی یەکێتی ژنان و حدک بەڕێوەچوو. | |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| ژ | ڕێکەوت | ڕووداو | وێنە |
| --- | --- | --- | --- |
| ٢٧ | ١٧ای جوونی ٢٠١٥ | پەیامی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بە بۆنەی ٣٥مین ساڵوەگەری رادیۆ دەنگی کوردستان : پیرۆز بی ٣٥مین ساڵرۆژی دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستان، دەنگی حەقبێژی جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. | |
| ٢٨ | ١٧ای جوونی ٢٠١٥ | پەیامی بنەماڵەی شەهید مەنسوور ئاروەند بۆ کۆڕیادی شەهید مەنسوور لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان : خۆراگر و نەبەزی و کورد پەروەری و ژینگە پارێز و گیان فیدا و باب و میردی بەئەمەگ کە بە جەستە لە بەینماندا نەماوە ، بەڵام یادی و بیری هەر زیندووە . سپاس و سڵاویش بۆ ئێوە بەشدارانی کۆڕی یاد کردنەوەی شەهید مەنسوور ئاروەند. |  |
| ٢٩ | ١٧ای جوونی ٢٠١٥ | حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بەڕێوەبردنی کۆڕیادێک بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ، ڕێز لە گیانفیدایی شەهید مەنسوور ئاڕوەند نراو یادو بیرەوەریی ئەو شەهیدە سەربەرزە، بەرزڕاگیرا. |  |
| ٣٠ | ١٧ای جوونی ٢٠١٥ | پەیامی هاوخەمیی کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسیە کوردستانیەکان لە فینلاند بە بۆنەی ئیعدامی شەهید مەنسووری ئاروەند : بە ئیعدامی شەهید مەنسوور ئاروەند، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشەرێکی دڵسۆزی مافە نەتەوایەتیەکان و خەڵکی مەهاباد مرۆڤێکی پێشەنگ و خۆشەویستیان لە دەست دا. | |
| ٣١ | ١٩ای جوونی ٢٠١٥ | ڕاگەیەنراوی کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانییەکان- بەریتانیا ئێمە زۆر بەتوندی سەرکۆنەی ئەو تاوانە نەشیاوە ، دژ بە بەها مرۆڤایەتیانە دەکەین. هەروەها ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان دڵنیا دەکەینەوە کە خەبات بەردەوامی هەیە هەتا ئازادی تەواوەتی. |  |
| ٣٢ | ٢٠ی جوونی ٢٠١٥ | کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانیەکان یەک لەوان حیزبی دیموکراتی کوردستان بەهاوکاری ڕەوەندی کورد لە بریتانیا بە مەبەستی مەحکووم و شەرمەزار کردنی ئێعدامی تێکۆشەری کورد و ئەندامی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان مەنسوور ئاروەند، خۆپێشانێکیان لە ترافلگارد سکوێر ڕێکخست. |  |
| ٣٣ | ٢٠ی جوونی ٢٠١٥ | لە لایەن چەند حیزبی کوردستانی یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ڤانکۆڤێر ڕۆژئاوای وڵاتی کانادا، بە مەبەستی مەحکوم کردنی لە سێدارە دانی مەنسوری ئاروەند خەباتکار و تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆپێشاندانێک لە ناوەندی ئەو شارە و لە بەردەم ئارتگالەری ڕێکخست. |  |
| ٣٤ | ٢٠ی جوونی ٢٠١٥ | کۆڕیادێک بۆ ڕێزگرتن لە کەسایەتی نیشتمانپەروەر، نووسەر، وەرگێڕ و سیاسەتوان، مامۆستا ئەحمەدی قازی، لە لایەن بنەماڵەی قازی لە سوئێد و بە هاوکاریی و پشتیوانی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد و ستۆکهۆڵم، لە ساڵۆنی " شیستا ترێف" لە باکووری ستۆکهۆڵم پێکهات. |  |
| ٣٥ | ٢٠ی جوونی ٢٠١٥ | لە لایان هێزە کوردستانییەکانی یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان جێگیر لە شاری کۆڵنی ئالمان، کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی بەبۆنەی لە سێدارەدانی مەنسور ئاروەند، چالاکی سیاسی کورد و ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو. |  |
| ٣٦ | ٢١ی جوونی ٢٠١٥ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٥٨ ، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە لایە کۆمێسیۆنی چاپەمەنی حیزبەوە چاپ و بڵاو کرایەوە. ڕۆژنامەی کوردستان، ڕوانگە و بیروو بووچی سیاسیی ئەو حیزبە دەگرێتە خۆی. |  |
| ٣٧ | ٢١ی جوونی ٢٠١٥ | کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک، بە بۆنەی لە سێدارەدرانی مەنسور ئاروەند لاوی خۆڕاگر و شۆڕشگێڕ و ئەندامی تەشکیلاتی نەهینی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆڕێکی پێک هینا. |  |
| ٣٨ | ٢٢ی جوونی ٢٠١٥ | بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژهەڵاتیانی نیشتەجێی وڵاتی فینلاند و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو وڵاتە، ئاکسیۆن و خۆپێشاندان دژ بە ئیعدامی شەهید مەنسوور ئاروەند و بۆ ئازادیی سەرجەم زیندانیانی سیاسی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری هێلسینکی بەڕێوەچوو. |  |
| ٣٩ | ٢٢ی جوونی ٢٠١٥ | ژمارە ١٥٦ی دنیای منداڵان چاپ و بڵاو کرایەوە، گۆڤاری دنیای منداڵان، بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە کە ڕێکخراوی منداڵ پارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو دەکاتەوە. |  |
| ٤٠ | ٢٣ی جوونی ٢٠١٥ | شاندێکی ڕێکخراوی خێرخوازیی نێودەوڵەتیی "ئاشتی" بەسەرپەرستیی سەرۆکی ڕێکخراوەکە " دلێر محمد صالح نقشبندی " و بەهاوڕێیەتی ابراهیم رشید عبداللە بەرپرسی پێوەندییەنیشتمانییەکان ، دوکتۆر بەسمە ئەلکوردی بەرپرسی پێوەندییە عەرەبییەکان و کارزان کاکەجوان ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەهەولێر یان کرد و لەلایەن ئیبراهیم زێوەیی نوێنەری حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١ | ٢٣ی جوونی ٢٠١٥ | ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد لە درێژەی کارو چالاکی ساڵانەی خۆیان دا و بە مەبەستی بەڕێوەبردنی پرۆژەی ساڵانەی خۆیان بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیان لە یەکێک لە کەمپەکانی نزیک شارۆچکەی ریمفۆشا کۆکردەوە، |  |
| ٤٢ | ٢٣ی جوونی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی کومیتەی ئۆسفۆڵدی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی هاوڕێ حەسەن خەمبار، چاویان بە هەیئەتێکی حیزبی کاری نۆروێژ و شارەداری شاری فرێدریکستاد-ی نۆروێژ کەوت. |  |
| ٤٣ | ٢٥ی جوونی ٢٠١٥ | بە مەبەستی ئیدانە و شەرمەزار کردنی لە سێدارەدانی لاوانی شۆڕشگێر و ئازادیخوازی گەلەکەمان بەتایبەت لاوی قارەمان و خۆڕاگری کورد مەنسوری ئاروەند،خۆپێشادان و کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی لە لایەن کۆمیتەی دانمارکی حدک و بە هاوکاری فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی دانمارک لە ناوەندی شاری کۆپێنهاگ پێک هات. |  |
| ٤٤ | ٢٦ی جوونی ٢٠١٥ | دسەر بانگهێشتی فەرمی کۆمیتەی شاری ئامستێردامی پارتی دێمۆکراتی کوردستان، هەیئەتێکی کۆمیتەی هولەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان سەردانی دەفتەری ئەو کۆمیتەیەیان کرد. کە لەلایەن بەرێزان عەبدولقەهار هەولێری بەرپرسی کارگێری ڕێکخراوی ئامستردام و هەیئەتێکی هاوڕێیەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرا. |  |
| ٤٥ | ٢٦ی جوونی ٢٠١٥ | بە مەبەستی مەحکووم و شەرمەزار کردنی ڕژیمی ئیسلامی ئێران و لە سێدارەدانی رۆڵە ئازادیخوازەکانی گەلەکەمان بەتایبەت لە سێدارەدانی لاوی قارەمان و خۆڕاگری کورد مەنسور ئاروەند، خۆپیشاندانێک لە لایەن کوردانی دانیشتووی شاری ڤییەن و بەشداریی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هات. |  |
| ٤٦ | ٢٦ی جوونی ٢٠١٥ | لە دیمایەکدا لەگەڵ ماڵپەڕی وشە، کاک خالید حەسەنپوور، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان باس لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران و پێوەندییەکانی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات بە تایبەت حیزبی دێموکرات دەکا. |  |
| ٤٧ | ٢٦ی جوونی ٢٠١٥ | لە دیمانەیەکی تەلەڤیزیۆنیی تەلەڤزیۆنی ڕووداودا بەرێز مستەفا مەولوودی جیگر سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان : تیشک خرایە سەر مەسەلەی جێگیرکردنی هێزەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر سنووری ڕۆژهەڵات و ئەگەری چالاککردنەوەی خەباتی چەکداری و باسە پێوەندیدارەکان بەو مەسەلەیەوە. |  |
| ٤٨ | ٢٧ی جوونی ٢٠١٥ | بەڕێوەچوونی پرسە و کۆڕیادێک بۆ شەهید مەنسووری ئاروەند، لە لایەن کۆمیتەکانی سوئێد و وێسترۆسی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی ئەوە شەهیدە لە شاری " وێسترۆس" پێکهات. |  |
| ٤٩ | ٢٧ی جوونی ٢٠١٥ | بەنوێنەرایەتی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا، هاوڕێیان رەحمان رۆستەمی و سیاوەش قەنبەری بەشدارییان لە چالاکیەکی کلتووری بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ منداڵانی کوردستان مەلبەندی رۆشنبیری کورد لە شاری لەندەن،ی پایتەختی وڵاتی بریتانیا،کرد کە لە شاری مەنچستەر بەڕێوەچوو. |  |
| ٥٠ | ٢٨ی جوونی ٢٠١٥ | بە مەبەستی ئیدانە و مەحکووم کردنی ئێعدامی رۆڵەی تێکۆشەری گەلەکەمان شەهید مەنسوور ئاروەند، لە سەر بانگهێشتنی کومیتەی یۆتۆبۆری حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆپێشاندانێک لە لایەن کوردانی دانیشتووی رۆژئاوای سوئێد بەریوە چوو. |  |
| ٥١ | ٢٨ی جوونی ٢٠١٥ | کومیتەی نۆرویژی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سیمینارێکی سیاسی- تەشکیلاتی بۆ بەرێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب پێک هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا بەبەشداریی سەدان کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵێک میوان و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان بەڕێوەچوو، |  |
| ٥٢ | ٢٨ی جوونی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لەهاورێیان : قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی و ئیبراهیم زێوەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حدک سەردانی مەڵبەندی ٣ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شاری هەولێری کرد و لە لایەن شاندێکی مەڵبەندەوە بە سەرپەرستی رزگار علی لێپرسراوی مەڵبەندی (٣)ی ڕێکخستنی هەولێرەوە پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ٥٣ | ٢٩ی جوونی ٢٠١٥ | ڕاگەیاندراو ناوەندی راگەیاندن حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی شەهیدبوونی ئاکام تەلاج، یەکێک لە بریندارانی ڕووداوەکەی شاری مهاباد : بە دڵنیاوە شەهید بوونی ئاکام تەلاج و مەنسووری ئاوروەند، نیشانەی زیندویەتی و بەردەوامیی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانە. |  |


سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com





| لاپەڕەی : ١ | مانگی جووڵای : ٢٠١٥ | | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ای جووڵای ٢٠١٥ | دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک لەوان حیزبی دیموکراتی کوردستان بە مەبەستی گەیاندنی دەنگی زیندانیانی سیاسیی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی و نارەزایەتی لە هەمبەر پەرەگرتنی شەپۆلی ئیعدامەکان، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی فینلاندیان کرد. |  |
| ٢ | ای جووڵای ٢٠١٥ | پەیامی هاوخەمی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی شەهید بوونی ئاکام تەلاج، یەکێک لە بریندارانی ڕووداوەکانی شاری مەهاباد. | |
| ٣ | ٢ی جووڵای ٢٠١٥ | هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و ئیبراهیم زێوەیی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب سەردانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارێزگای هەولێری پارتی دیمۆکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن کاکەمین نەجار، بەرپرسی ئەنجومەن سەرکردایەتییەوە پێشوازییان لێکرا . |  |
| ٤ | ٢ی جووڵای ٢٠١٥ | هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی، ئیبراهیم زێوەییو سۆران نوری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب سەردانی بارەگای مەکتەبی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە هەولێریان کردو لە لایەن شاندێکی یەکگرتوو بە سەرپەرستیی مامۆستا خلیل ابراهیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامییەوە پێشوازییان لێکرا . |  |
| ٥ | ٢ی جووڵای ٢٠١٥ | شاندێکی ڕێبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی، ئیبراهیم زێوەییو سۆران نوری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب سەردانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەولێریان کرو لە لایەن شاندێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی بەهمەن حوسێن، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەوە حیزبەوە پێشوازییان لێکرا . |  |
| ٦ | ٢ی جووڵای ٢٠١٥ | هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبو هاوڕێیەتیی ئیبراهیم زێوەییو سۆران نوری، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان لە شاری هەولێریان کردو لەلایەن شاندێکی حیزبی شیوعی بە سەرپەرستیی دوکتۆر کاوە محمود ،جێگری سکرتیری حیزبی شیوعی کوردستانەوە، پێشوازییان لێ کرا . | <br> |
| ٧ | ٣ی جووڵای ٢٠١٥ | بە بۆنەی هەشتەمینساڵڤەگەری زیندانی کرانی سەدیق کەبوودوەند سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، دەستەی نوێنەرایەتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی یەک لەوان حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەردانی بەشی مافی مرۆڤی یەکەی سیاسی و ستراتێژی وەزارەتی دەرەوەی فینلاندیان کرد و لەلایەن بەرێوەبەری بەشی مافی مرۆڤی ئەو وەزارەتخانەیەوە پێشوازی لێ کرا. |  |
| ٨ | ٤ی جووڵای ٢٠١٥ | دوای بانگەوازی کۆمسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان،بنەماڵەی شەهیدێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، لە وڵاتی دانمارکەوە بڕێکی زۆر کەرەستە و پێداویستی بۆ پێشمەرگەکانی حیزب دەنێرن. | |
| ٩ | ٦ی جووڵای ٢٠١٥ | بەشداریی هەیئەتێکی پلە بەرزی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە سەرپەرستی بەڕێز مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی و بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو کۆبوونەوەی شۆڕای ئێنتەرناسیۆنالی سوسیالیست لە ئەمریکا. |  |
| ١٠ | ٥ی جووڵای ٢٠١٥ | شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەییو حسن کاکیلی سەردانی ژووری پێوەندییەکانی بزووتنەوی گۆران لەهەوڵیریان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی بزووتنەوەی گۆران بە سەرپەرستیی زەردەشت مەلا حەسەن، بەرپرسی ژووری پێوەندییەکانی گۆران لە هەولێر پێشوازییان لێکرا . | |


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ۱۱ | ٦ی جووڵای ٢٠١٥ | بانگەوازی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان: ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ بۆنەیەکی دیکە بۆ نیشاندانی یەکگرتوویی و هەڵوێستی ئازادیخوازانە. | |
| ۱۲ | ٦ی جووڵای ٢٠١٥ | ڕۆژنامەی کوردستان،ژمارە ٦٥٩، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە چەندین بابەتی سیاسی، چەندین نووسین سەبارەت بە ٢٦ی ساڵەی تێرۆری ڕێبەر و سەرکردەی مەزن دکتور عەبدوڵڕەحمانی قاسملوو، چەندین بابەت و وتاری کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بڵاو کرایەوە. |  |
| ۱۳ | ٧ی جووڵای ٢٠١٥ | هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەیی‌و حسن کاکیلی سەردانی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستان لە هەولێریان کردو لە لایەن هەیئەتێکی خانەخوێ بە سەرپەرستیی خدر روسی، سکرتێری گشتیی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستانەوە، پێشوازییان لێ کرا . |  |
| ۱۴ | ٧ی جووڵای ٢٠١٥ | شاندێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی حسن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی یەکیەتیی نەتەوەیی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کردو لە لایەن شاندێکی ئەو یەکیەتییە بە سەرپەرستیی غەفور مەخموری، سکرتێری ئەو یەکیەتییە پێشوازییان لێکرا . |  |
| ۱۵ | ٨ی جووڵای ٢٠١٥ | ژمارە ٤٠ی گۆڤاری ژنان لە بڵاوکراوەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بڵاو بۆوە. |  |
| ۱۶ | ٨ی جووڵای ٢٠١٥ | لە سمینارێک دا لە ژێرناوی " قاسملوو، وانەیەک بۆ خەباتو چرایەک بۆ داهاتوو"و؛ لە سێ پانێلدا بەڕێوەچوو، تیشک خرایە سەر چەند ڕەهەندێکی فیکری‌و ژیانی سیاسیی دوکتور قاسملووی نەمر. |  |
| ۱۷ | ٩ی جووڵای ٢٠١٥ | بەبۆنەی هاتنەوەی ٢٢ ی پووشپەڕ، ساڵرۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی لە شاری کرماشان بە نووسینی دروشم‌و بڵاوکردنەوەی تراکتی تەبلیغی لە شەقامەکانی خەییام، فیرەدوسی‌و سێڕای برق یادو بیرەوەریی شەهیدانی ڤییەن بەرز ڕاگیراوەو سیاسەتی تێرۆری کۆماری ئیسلامی مەحکووم کراوە. |  |
| ۱۸ | ١٠ی جووڵای ٢٠١٥ | "دێبەیت"ی کاناڵی ئاسمانیی ڕووداو کە بە بەشداریی عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، جموجۆڵ و هەلومەرجی چالاکەی نیزامیی حیزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوتۆ کرا. |  |
| ۱۹ | ١٠ی جووڵای ٢٠١٥ | بەڕێز مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بەرنامەی ڕاستەوخۆی پانۆرامای کاناڵی ئێن ئارِ تی، بەشداری کرد و ڕاوبۆچوونی خۆی سەبارەت بە دانووستانە ئەتۆمییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی ٥+١ خستە ڕوو. |  |
| ۲۰ | ١٠ی جووڵای ٢٠١٥ | وتووێژی بەڕێز مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حدک لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا: ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو بارودۆخەی ئێستا لەو ناوچەیەی جیهاندا هەیە وەک زۆرێک لە چاودێر جەختی لێدەکەنەوە ئەگەرەکانی بۆ هێنانە ئارای گۆڕانکاری زیاتر کردووە. |  |
| ۲۱ | ١١ی جووڵای ٢٠١٥ | ئەنداماں‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕەبەتو سەردەشت بۆ بیرهێنانەوەی جینایەتی تێرۆری دوکتور قاسملوو بەهۆی کۆماری ئیسلامی‌و بەڵێن نوێکردنەوە لەگەڵ یادو بیروەریی شەهید قاسملووی نەمر چالاکیی تەبلیغییان کردوە. |  |
| ۲۲ | ١١ی جووڵای ٢٠١٥ | ئەنداماں‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ناوچەی بۆکان بۆ بیرهێنانەوەی جینایەتی تێرۆری دوکتور قاسملوو بەهۆی کۆماری ئیسلامی‌و بەڵێن نوێکردنەوە لەگەڵ یادو بیروەریی شەهید قاسملووی نەمرو شەهیدانی دیکەی ڤییەن چالاکیی تەبلیغییان کردوە. |  |
| ۲۳ | ١٢ی جووڵای ٢٠١٥ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە دیواندەرە بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵرۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو بە دەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی لە نێو شاردا چالاکیی تەبلیغیان کردوە. |  |
| ۲۴ | ١٢ی جووڵای ٢٠١٥ | بەشداریی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرنامەی نووڕۆژ لە کاناڵی ئاسمانیی ڕووداو لەم بەرنامەیەدا: باس لە ڕۆڵ و کەسایەتیی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرا. |  |
| ۲۵ | ١٢ی جووڵای ٢٠١٥ | حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبەڕێوە بردنی ڕێوڕەسمێک بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی هاتنەوەی ساڵرۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی یادو بیرەوەریی شەهیدانی ڤییەنی بەرزڕاگرت. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٦ | ١٣ی جوولای ٢٠١٥ | پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٦ساڵەی تێرۆری د.عەبدلرەحمانی قاسملوو و هاوڕێیانی : حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی کورد خۆیان بە قەرزداری دەرس و ئامۆژگارییەکانی مامۆستای خۆیان د. قاسملوو دەزانن و قاسملوو هەتا سەر لە بیر و زەینی نیشتیمانپەروەرانی کورد و تێکۆشەرانی دێموکراتدا زیندوویە. | |
| ٢٧ | ١٣ی جوولای ٢٠١٥ | بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەندامازو لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە سنەو نەغەدە بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕێبەرانی شەهیدو تراکتی تەبلیغیی حیزب یادو بیرەوەریی شەهید قاسملووی نەمریان بەرز ڕاگرتوە. |   |
| ٢٨ | ١٣ی جوولای ٢٠١٥ | لە ساڵیادی تێرۆری دوکتور قاسملووی نەمرو هاوڕێیانی لە ڤییەن بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی خەڵکی مەهاباد بە پێشوازی لە بانگەوازی حیزبی دێموکڕات کۆماری ئیسلامییان مەحکوم کرد. | |
| ٢٩ | ١٣ی جوولای ٢٠١٥ | خەڵکی شارەکانی سنە، کامیاران و کرماشانیش بەرەو پیلی بانگەوازی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە چوونو بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە کامیاران، سنە و کرماشانەوە بە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕات گەیشتوون، نێوشارو بازار لە شارەکانی سنەو کامیاران، خەڵوەتە. |  |
| ٣٠ | ١٣ی جوولای ٢٠١٥ | هۆگرانی ئامانجەکانی قاسملووی شەهید و دڵسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەڵمەتێکی تەبلیغاتییان بە دروشم نووسین و بڵاوکردنەوەی تراکت لە نیوشاری ورمێ و ناوچەکانی دەوروبەر وەڕێ خست. |  |
| ٣١ | ١٣ی جوولای ٢٠١٥ | ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزب بە هاوڕێیەتیی تێکۆشەری لەمێژینەی حیزبی دێموکرات، کاک جەلیل گادانیو ژمارەیەک لە دۆستانی حیزب لە وڵاتی فەرانسە سەردانی گڵکۆی شەهید دوکتور قاسملوو و شەهید عەبدوڵلا قادری ئازەر لە گۆڕستانی پێرلاشێزیان کرد. |  |
| ٣٢ | ١٣ی جوولای ٢٠١٥ | لە ٢٦ ساڵەی تیرۆری د.قاسملوو و هاوڕی عەبدوڵلا قادری ئازەردا، دانیشتوانی شارۆچکەکانی دزەی مەرگەوەڕ، زێوە، ڕاژان و هەر وەها خەڵکی گێسیان، ژاراوێ، گردوان، میرآباد، برازان، گاڕانە ، نێرگی، گردیک، هەلەج، ڕزگەو خەڵکی شاری سیلوانا، بۆ ماوەی٣ دەقیقە چرای ماڵەکانیان کوژاندەوە. |   |
| ٣٣ | ١٣ی جوولای ٢٠١٥ | چالاکیی تێکۆشەرانی دێموکرات بە بۆنەی ٢٢ی پەوشپەڕ، ساڵرۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو ڕۆژانی ٢١ و ٢٢ی پوشپەڕ لە شاری ساینقەڵاو چەنە ئاواییەکی ئەم شارە لە ناوچەی هەوشار چالاکیی تەبلیغی کراوە. |  |
| ٣٤ | ١٣ی جوولای ٢٠١٥ | چالاکیی تەبلیغی تێکۆشەرانی دێموکرات بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە شاری سنەش بەردەوام بووەو شەقامی ٦ ی بەهمەنو گەڕەکەکانی شەریف ئاوا و شەهرەک ساحیلی بە دروشمو تراکتی حیزبی ڕازاوەتەوە. |  |
| ٣٥ | ١٣ی جوولای ٢٠١٥ | چالاکیی تەبلیغی تێکۆشەرانی دێموکرات بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە ناوچەی بانەش لە ئاواییەکانی نجنێی خواروو، نجنێی ژوروو، شێنان، مەنیجەڵان، سپیداریو جادەی کۆخان مەنیجەڵان چالاکی تەبلیغی کراوە. | |
| ٣٦ | ١٤ی جوولای ٢٠١٥ | ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان : سڵاوو سوپاس بۆ پشتیوانی و هاوپێوەندیتان لە گەڵ خەباتو تێکۆشانی ڕێبوارانی ڕیگای د.قاسملووی شەهید، |  |
| ٣٧ | ١٥ی جوولای ٢٠١٥ | لایەنگران و دلسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە تایبەتی لاوانی دڵ پڕ لە ئەوینی نیشتمان و هۆگری بیرو بۆچوونە بەرزەکانی د.قاسملووی شەهید، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە سەردەشت، پیرانشارو ڕەبەت کاری تەبلیغیان کرد. |  |
| ٣٨ | ١٥ی جوولای ٢٠١٥ | وتووێژی کاناڵی ئاسمانیی ڕووداو لە گەڵ بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان : بەباشی دەزانین لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبێک دابمەزرێ. | |
| ٣٩ | ١٦ی جوولای ٢٠١٥ | پەیامی پیرۆزبایی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی جێژنی ڕەمەزان : هاتنەوەی جێژنی ڕەمەزان گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکێش بە خۆشکو برا موسوڵمانەکانمان لە کوردستانو ئێران دەکەینو ئاواتەخوازین. |  |
| ٤٠ | ١٦ی جوولای ٢٠١٥ | پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی جێژنی ڕەمەزان: بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی ڕەمەزان لە قوڵایی دڵەوە پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان بە تایبەت خوشکو برا موسوڵمانەکان دەکەم. هیوادارم کە ئەو جێژنە ببێتە هۆی هاودڵیو هاوپێوەندیی زیاتری کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ یەکتر. | |
| ٤١ | ١٦ی جوولای ٢٠١٥ | هەڵوێستی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لەمەر تێزاب پرژاندن بەسەر ژنان و کچانی کورد لە شاری بۆکان : یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان ئەو جەنایەتە، هەر کەس و لایەن و هێزێکی لە پشت بێ، مەحکوم دەکا. | |
| ٤٢ | ١٩ی جوولای ٢٠١٥ | لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا دوو بابەتی حزووری پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچە سنوورییەکانو ڕێککەوتنی ناوکیی نێوان ئێران و وڵاتانی ١+٥ تاوتوێ کران. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ۴۳ | ۱۹ی جوولای ۲۰۱۵ | فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی دەورەی ۲۱۲ ی سەرەتایی پێشمەرگە ڕێوڕەسمێکی پێکهێناو لەو ڕێوڕەسمەدا پۆلێکی دیکە لەلاوانی کورد بە ڕەسمی هاتنە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە. |  |
| ۴۴ | ۲۱ی جوولای ۲۰۱۵ | ڕاگەیاندراوی ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان : حیزبی دیمۆکراتی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تاوانە درندانەیەی دژمنانی کوردو مرۆڤایەتیی پێشکەوتنخواز، هاوخەمیی قووڵی خۆی لەگەڵ بنەماڵەو کەسوکاری شەهیدانی پرسووس و دەردەبڕی و هیواداره زامدارانی ئەم کردەوە تیرۆریستییەش هەرچی زووتر چاک ببنەوە. |  |
| ۴۵ | ۲۱ی جوولای ۲۰۱۵ | بەیاننامەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان سەبارەت بە رێککەوتنی ناوکیی ڤیيەن : حکوومەتی ئێران دەبێ تەواوی ئەوەی لەو ساڵانەدا رستبووی، بکاتەوە خوری و بەڵێن و پەیمانیش بدا کە ئیتر بەدوای وەها بەرنامەگەلێکەوە نەبێ. ئەوەی ئێستاش پێی دەگوترێ سەرکەوتنی ناوکی، |  |
| | ۲۲ی جوولای ۲۰۱۵ | بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ڕۆژئاوای کانادای حیزبی دیموکراتی کوردستان خەلیل ئەشکانی، لەگەڵ بەڕێز سڤنید ڕابینسۆن، پارلمانتاری پێشووی کانادا و دۆستی دێرینی کورد چاوپێکەوتنێکی پێکهێنا. |  |
| ۴۶ | ۲۲ی جوولای ۲۰۱۵ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٦٦٠ ، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئابووری، ئەدەبی و رۆشنبیری، هەواڵی کاروچالاکی کومیتە، ئۆرگان و ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی |  |
| ۴۷ | ۲۲ی جوولای ۲۰۱۵ | ژمارە ۱۵۷ی دنیای منداڵان چاپ و بڵاو کرایەوە، گۆڤاری دنیای منداڵان، بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە کە ڕێکخراوی منداڵ پارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو دەکاتەوە. |  |
| ۴۸ | ۲۵ی جوولای ۲۰۱۵ | بەشداریی کۆمەڵێک لە ئەندامانی حیزب دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش لە سمینارێک دا کە بۆ دۆست و دڵسۆزی گەلەکەمان " دکتور توماس شمیدنگر" ڕێکخرابوو. |  |
| ۴۹ | ۲۶ی جوولای ۲۰۱۵ | بەشداری هەیئەتێکی کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سمینارێک دا کە بۆ بەڕێز دوکتور عەلی تەتەر، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی ۱۰ی پارتی دێموکراتی کوردستان لەنۆروێژ. | |
| ۵۰ | ۲۶ی جوولای ۲۰۱۵ | ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حدک لەبارەی تێکهەلچوونەکانی ئەم دواییيانەی نێوان تورکیەو پ.ک.ک : جارێکی دیکە داوا لە هەر دوولا دەکا هێرشو پەلامار بۆسەر یەکتر ڕابگرنو نەهێڵن بەم جۆرە ڕووداوانە ڕەوتی ئاشتی و دیالۆگ لەبار بچێ. |  |
| ۵۱ | ۲۶ی جوولای ۲۰۱۵ | بەشداری هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سمینارێک دا کە بۆ بەڕێز هێمن هەورامیی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا. |  |
| ۵۲ | ۲۶ی جوولای ۲۰۱۵ | شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەییو حەسن کاکیلی سەردانی نوێنەرایەتیی HDP یان لە هەولێرکرد و لەگەڵ شاندێکی ئەو حیزبە کوردییەی باکووری کوردستان بە سەرپەرستیی شیلان ئەمین ئۆغلو کۆبوونەوە. |  |
| ۵۳ | ۲۷ی جوولای ۲۰۱۵ | هەیئەتێکی کومیتەی سویسی حیزبی دیموکارتی کوردستان، لە ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردن و پرسەی سیامەند شەریف وانلی، کوڕی تێکۆشەری دێرینی گەلەکەمان دکتور عیسمەت شەریف وانلی، لە شاری لۆزان بەشداری کرد. |  |
| ۵۴ | ۲۹ی جوولای ۲۰۱۵ | هەیئەتێک لە کۆمیتەی فەرانسەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لەئارەش زەمانی بەرپرسی کۆمیتە و مەسعوود رەواندوست ئەندامی رێبەریی حیزب، بە سەرپەرستیی جەلیل گادانی، ئەندامی راوێژکاری دەفتەری سیاسیی حیزب، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتی فەرانسەیان کردو لە لایەن دارا بەکر ساڵح، نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە فەرانسەوە پێشوازییان لێکرا | |
| | | | |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




| لاپەڕەی : ١ | مانگی ئاگۆستی : ٢٠١٥ | | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | لە بەرنامەی دیداری تایبەت لە کوردکاناڵ، بەڕیز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تیشک دەخاتە سەر دوایین گۆڕانکارییەکانی ناوچە، ڕێکەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا، حزووری پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لە ناوچە سنوورییەکان و بارودۆخی ناوخۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |  |
| ٢ | ١ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | کاک ڕەحمان عەزیزی، کەسایەتیی خۆشناوی ناوچەی نەغەدەو ئەندامی حیزبی دێموکڕات و باوکی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد. |  |
| ٣ | ٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سویس، بە هاوڕێیەتی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لەو وڵاتە و چەندین کەس لە ئەندامی بنەماڵەی خەوالێخۆشبوو، بۆ ڕێزگرتن و نیشاندانی وەفا بەرامبەری بە خەبات و تێکۆشانی سەردانی گڵکۆی تێکۆشەرێکی دێرین و باوکی شەهیدێکی حیزب مام عەلی سەراییان کرد، |  |
| ٤ | ٣ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشیی کاک ڕەحمان عەزیزی، ئەندامی حیزب و باوکی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەرێوەچوو. |  |
| ٥ | ٥ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی پەیامێک سپاسو پێزانینی خۆی سەبارەت بە هاوخەمیی بەرینی خەڵکی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی باوکی دەربڕیوە. |  |
| ٦ | ٥ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | شاندێکی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرپەرستیی سابیر کاریتانی، لێپرسراوی پەیوەندییەکانی مەڵبەند سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کردو؛ لە لایەن ئیبراهیم زێوەیی نوێنەری حیزب و حسن کاکیلی کادری نوێنەرایەتیی هەولێرەوە، پێشوازییان لێکرا . |  |
| ٧ | ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٦١ ، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئابووری، ئەدەبی و ڕۆشنبیری، هەواڵی کاروچالاکی کومیتە، ئۆرگان و ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٨ | ٩ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | دڵسۆزان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی شنۆ، بە کردنەوەی ئاگر لە بەرزاییەکان بە پێشوازی یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان چوون. |  |
| ٩ | ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | کۆمیسیۆنی پەروەردەو فێرکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ، ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا سمینارێکی لە سێ پەنێلدا بۆ بەرێزان : قادر وریا ، ئارەش لوڕستانی و وریا ڕەحمانی پێکهینا. |  |
| ١٠ | ١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوان ڕێوڕەسمێکی بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی لاوان‌و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ساڵۆنی بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی حدک بەرێوەبرد |  |
| ١١ | ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | لایەنگران و دڵسۆزانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە چالاکییەکی تەبلیغاتی‌دا، لە نێو ئاوایی‌و ڕێگاکانی ناوچەی ڕەبەت بە شێوەیەکی بەرین تراکتی تایبەت بە یادی٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بڵاو کردەوە. |  |
| ١٢ | ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | دڵسۆزان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری بانە لە هەڵمەتێکی تەبلیغیدا، بە پێشوازی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە چوون و لە چەند گەرەکو شوێنی گشتی دروشمەکانی تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژ و ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبیان لێ نووسین. |  |
| ١٣ | ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | لە ناوچەی شنۆ لە پێشوازی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەکرانەوەی ئاگر لە بەرزاییەکان بە بۆنەی نزیکبوونەوەی ٢٥ی گەلاوێژ، تراکتەکانی تایبەت بەم یادەش لە نێو شار لە شەوانی رابردوودا لە لایەن دڵسۆزان‌و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاو کراونەوە. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٤ | ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | شاندی یەکیەتیی لاوان بە سەرپەرستیی پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری گشتیی ئەو رێکخراویە لە کۆنفرانسی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستدا بەشداربوون کە لە شاری ئامەدو لە ژێر ناوی "شەڕ دەکەین بۆ ئاشتی، عەدالەت بۆ هەموان"دا گیرا. |  |
| ١٥ | ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | بە بەشداری نوێنەرایەتی زۆربەی حیزب و رێکخراوە کوردستانی و سویدییەکان، کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامان، لایانگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەدان کەس لە کوردستانیانی تاراوگە، کە بەشێکی بەرچاویان لە وڵاتانی نۆرویژ، فینلاند و دانمارکەوە، ڕوویان لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید کردبوو، رێز لە ٧٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان گیرا. |   |
| ١٦ | ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | بەبەشداریی نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، باشوور، باکوورو خۆراوای کوردستان، کەسایەتییە ئاکادمیک، ڕووناکبیران، نووسەرانو ئەدیبانی هەموو بەشەکانی کوردستانو سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکڕات لە باشووری کوردستانو لە کەشێکی تایبەتو کەم وێنەدا ڕێز لە ٧٠ ساڵ خەباتو تێکۆشانو شانازییەکانی حیزبی دێموکڕات گیرا. |  |
| ١٧ | ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بەبۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان : سەرکەوێ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەیی‌یەکانی. | |
| ١٨ | ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٧٠هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حدک، پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ڕیبەری، کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و ئەندامانو لایەنگرانی حیزب و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەین. | |
| ١٩ | ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی لیژنەی ناوچەی سویدی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەیئەتێکی بەشی پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سوید کە پێک هاتبوون لە بەرێزان حەمەدەین ڕەشیدی بەرپرسی بەشی پەیوەندییە کوردستان، قاسم قازی و عومەر ئەمینی، لە رێورەسمی ٦٩هەمین ساڵیادی دامەزرانی پارتی دا بەشدارییان کرد. | |
| ٢٠ | ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | لە ناوچەی لەیلاخی سنە بە کردنەوەی ئاگری ٢٥ ی گەلاوێژ یادو بیرەوەریی ٧٠ ساڵ خەباتو تێکۆشانو مێژووی پڕ سەروەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەرز ڕاگیرا. |  |
| ٢١ | ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | شاندێکی پارتی دێمۆکراتی کورد – سوریە بە سەرپەرستیی بێهجەت بەشیر، نوێنەری پارتی دێمۆکراتی کورد لە هەرێمی کوردستان، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کردو لە لایەن ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە هەولێر پێشوازییان لێ کرا . |  |
| ٢٢ | ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شابادی کرماشان بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە شێوەیەکی بەربڵاو کارو چالاکیی تەبلیغییان کردوە. | |
| ٢٣ | ١٧ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | لە سنەش بە بۆنەی ٧٠ ساڵیی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەلایەن دڵسۆزانی حیزبی دیموکراتەوە بە شێوەیەکی بەرین کاری تەبلیغی کراوە و تراکتەکانی تایبەت بەم یادە بڵاو کرانەوە. |  |
| ٢٤ | ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | لە حەفتایەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، دڵسۆزانو لایەنگرانی حێزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێش بەبۆنەی هاتنەوەی ٢٥ ی گەلاوێژ چالاکیی تەبلیغی کراوە. | |
| ٢٥ | ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | بۆ رێزگرتن لە ٧٠ ساڵ و خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پیرۆز کردنی حەفتاهەمین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کومیتەی حیزب لە واشنگتۆن،ی پایتەختی ئەمریکا، بە بەشداری نوێنەری چەندین حیزبی کوردستانی، کەسایەتی سیاسی و ئەندام و دۆست و لایانگرانی حیزب، رێورەسمێکی رێکخست. |  |
| ٢٦ | ٢٠ ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی خولی سەرەتایی سیاسیی _ نیزامیی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان ڕێورەسمێکی لە یەکێک لە سالۆنەکانی کۆڕو کۆبوونەوکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا گیرا، |  |
| ٢٧ | ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | بەشداری هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، لە سمینارێکی کومیتەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان لە وڵاتی دانمارک. |  |
| ٢٨ | ٢٢ ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | لە سەر بانگهێشتی بەرپرسانی کۆمەلە لە شاری بروندبی، هەیئەتێکی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە شداری لە رێورەسمی بە خاک سپاردن و پرسەی کاک عە بدوڵا بێگزادە کادری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کرد. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com



| | | |
|---|---|---|
| ٢٩ | ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٦٢ ، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ئابووری و هەروەها هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان و کومیتەکانی حیزب لە ناوخۆ دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. لە ژمارە نوێیەی کوردستان دا کە تایبەت کراوە بە یادەوەری ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چەندین بابەت و وتار و هەواڵی تایبەت بەو یادە جێی گرتووە. |
| ٣٠ | ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزب لە وڵاتانی ئالمان، هولەند، بلژیک، فەرانسە، سویس و ئوتریش ڕێورەسمێکیان بە بۆنەی ٢٥ گەلاوێژ ٧٠هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە شاری کوڵن،ی ئالمان پێک هێنا. |
| ٣١ | ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | نۆهەمین کۆنفرانسی کۆمیتەی یەکێتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ بە خولەکێک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، بە تایبەت ئەو شێرە ژنانەی کە لە ڕێگای ئازادی کوردستان گیانی خۆیان بەخت کردووە بەڕێوەچوو. |
| ٣٢ | ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | پەیامی پرسە و سەرخۆشی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک فەریدون جوانڕۆییەوە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان. |
| ٣٣ | ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | ژمارە ١٥٨ی دنیای منداڵان چاپ و بڵاو کرایەوە، گۆڤاری دنیای منداڵان، بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە کە ڕێکخراوی منداڵ پارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو دەکاتەوە. |
| ٣٤ | ٢٩ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | لە دەڤەری توورکۆ،ی وڵاتی فینلەند، لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەو ئاهەنگێک بەشداری سەدان کەس لە کوردەکانی دانیشتیووی فینلەند، نوێنەری زۆربەی هەرە زۆری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان، ئەندامان، دۆست و لایانگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو. |
| ٣٥ | ٣١ی ئاگۆستی ٢٠١٥ | کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سێزدەهەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداری ئەندامان و جێگران و راوێژکارانی ڕێبەریی حیزب بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد. |


سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کۆبەندی بەشێک لە کار و چالاکییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

## مانگی سێپتامبری ٢٠١٥

| لاپەڕەی : ١ | | مانگی سێپتامبری : ٢٠١٥ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی سێپتامبری ٢٠١٥ | هێزێکی هاوبەش لە تێکۆشەرانی دێموکرات و پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ناوچەی ڕەبەت و لە نێو ئاوایی و دەوروبەری گوندی سیسێری ناوچەی ڕەبەت بوون، کەوتنە بەر پەلاماری هێزێکی زۆری ڕێژیم پێکهاتوو لە جاش و پاسدار کە بە زیاتر لە ١٠ تویوتا و ماشێنی هەڵگری چەکی جۆراوجۆر خۆیان گەیاندبووە دەوروبەری ئاوایی. | |
| ٢ | ٣ی سێپتامبری ٢٠١٥ | ڕێزدار خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات دا، کە بۆ باس لە سەر باسەکانی پلینۆمی سێزدەهەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب پێکهاتبوو، بڕیارو پەسەندکراوەکانی ئەو پلینۆمەی شی کردەوە. |  |
| ٣ | ٣ی سێپتامبری ٢٠١٥ | بەڕێز عومەر باڵکی لە وتووێژ لەگەڵ تۆڕی میدیایی "ڕووداو": کاک عومەر باڵکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەڵێ پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە کوڕو کچی خەڵکی کوردستانن‌و مافی خۆیانە لە نێو خەڵکو کەسوکاری خۆیاندا بن. |  |
| ٤ | ٦ی سێپتامبری ٢٠١٥ | لە خۆپیشاندانێک دا کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و گرووپ"ئارارات"ەوە ڕێکخرابوو، دەیان کەس بەشدارییان تێداکردو بە بیرهێنانەوەی تراژیدیی مەرگی ئالانی سێ ساڵان، پشتگیرییان لە داوای پەناخوازانی ڕۆژاوای کوردستان بۆ وەرگیرانیان لە وڵاتانی ڕۆژاوایی کرد. |  |
| ٥ | ٧ی سێپتامبری ٢٠١٥ | رۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٦٤٣ ، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، باس و خواسی تایبەت بە ژنان، هونەری و ئەدەبی و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کۆمیتە، هێز و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات چاپ و بڵاوکرایەوە. |  |
| ٦ | ٨ی سێپتامبری ٢٠١٥ | لە درێژەی چالاکییەکانی ساڵانی ڕابردوو و لە ڕاستای بردنە پێشی سیاسەت و بەرنامەی ڕۆژهەڵاتتەوەرانە دا، پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەمساڵ و لە ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکرات دا، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بە دیداری خۆیان گەشاندەوە. |  |
| ٧ | ٩ی سێپتامبری ٢٠١٥ | هەیئەتێک لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی کاک مستەفای شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کومیتەی بەرێوەبەری دەرەوەی وڵات سەریان لە پارڵمانی ئوتریش داو و لەگەڵ بەڕێز ڕۆمان هایدیر و گرێگۆر ئەمهۆف ئەندامانی پارڵمان لە سەر لیستی حیزبی لیبراڵی ئوتریش، دیدار و وتووێژیان کرد. |  |
| ٨ | ١٠ی سێپتامبری ٢٠١٥ | سەردانی شاندێکی حدک لە ئوتریش لە دەفتەری سەرۆک کۆماریی ئەو وڵاتە بە سەرپەرستی کاک مستەفا شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کومیتەی بەرێوەبەری دەرەوەی وڵات و بە هاوڕێیەتی کاک خدری هەمزە نیژاد بەرپرسی کومیتەی ئوتریش و دکتور عەلی مازوجی بەرپرسی پێوەندیەکانی حیزب. |  |
| ٩ | ١٠ی سێپتامبری ٢٠١٥ | هەیەئەتی حیزب بە سەرپەرستی بەڕێز مستەفای شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی ، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئوتریش،یان کرد ولەگەڵ دوکتور ئوسکار ورستینگیر بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵات و باکووری ئەفریقا لە وەزارەتی دەرەوە دانیشتیان کرد. |  |
| ١٠ | ١١ی سێپتامبری ٢٠١٥ | کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باشووری سوید، بە هاوکاری کۆمەڵەی سویدی- کوردی، یەکەمین بنکەی هاریکاری پەنابەران لە شاری ماڵمۆی سوید دامەزرا. |  |
| ١١ | ١٢ی سێپتامبری ٢٠١٥ | وریاکردنەوەیەک لە ستادی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپارێزگەی ورمێ بۆ هاودەستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی ورمێ: ئێمە پارێزراوە، ڕادەگەیەنین دەست لە ڕێگری و گوشارهێنان بۆ سەر لاوانی ناوچە هەڵ بگرن، واز لە هاوکاریی دەزگا جینایەتکارەکانی وەک سوپا و ئیتلاعات و بەسیج بێنن. | |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢ | ١٣ی سێپتامبری ٢٠١٥ | کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەڵێ: بوونی یەک بە دوای یەکی تیمەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەکانی سەردەشتو ڕەبەت، جاشەکانی ڕێژیم لە ناوچەی سەردەشت بە جلوبەرگ وناوی پێشمەرگەی دیموکراتەوە، خەریکی پیلانگێرین. | |
| ١٣ | ١٣ی سێپتامبری ٢٠١٥ | بەشداری شاندێکی کۆمیتەی دانمارکی حدک لە سمیناری سیاسی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کە بۆ بەڕێز ڕەزا کەعبی جێگری سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شاری (گرێوە ی) وڵاتی دانمارک ئامادە کرا بوو. |  |
| ١٤ | ١٥ی سێپتامبری ٢٠١٥ | نامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ جێرمی کۆربین : دۆست و برای خۆشەویستم کاک جێرمی کۆربین! لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە جوانترین پیرۆزبایتان لێ دەکەم بەبۆنەی هەڵبژاردنتان بە سەرۆکی حیزبی کارگەری بریتانیا. |  |
| ١٥ | ١٦ی سێپتامبری ٢٠١٥ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی ڕێورەسمی ڕێزلێنان لە نووسەری کتێبی ڕێنوێنی گەشتیاری لە کوردستان هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هاتوو لە هاوڕێیان کامەران باڵنوور، نوێنەری حیزب لە ئەمریکا و خەبات ئیبراهیم پوور، بەرپرسی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو ولاتە بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە کرد. |  |
| ١٦ | ١٦ی سێپتامبری ٢٠١٥ | بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێز ئیسماعیل مستەفانژاد، بە مەبەستی تاوتوێی بارودۆخی پەنابەرانو پێدانی زانیاری لەسەر ڕەوشی پەنابەران سەردانی پارلمانی سوئیسی کرد. |  |
| ١٧ | ١٧ی سێپتامبری ٢٠١٥ | لە ٢٣ ساڵەی تیرۆری ڕیبەری شەهید د.سادق شەرەفکەندی و هاورێیان فەتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەلانو نووری دێهکوردی، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو تیمێک لە پارێزەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، چالاکییەکی هاوبەشیان لە نێو شاری شنۆ ئەنجام دا. |  |
| ١٨ | ١٧ی سێپتامبری ٢٠١٥ | بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ٢٣ ساڵەی تێرۆری مێکونوسدا کە شەهیدکرانی دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ و هاوڕێیانی، سمینارێکی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێک هات. |  |
| ١٩ | ١٨ی سێپتامبری ٢٠١٥ | لە لایەن کومیتەی ڕۆژئاوای کانادای حیزبی دێموکراتی کوردستان، سمینارێک بۆ یادکردنەوەی ٢٣هەمین ساڵرۆژی شەهید کردنی دکتور سادق شەرفکەند سکرتێری گشتی حیزب و هاوڕێیانی کە لە ڕێستورانی میکونوسی شاری بیرلەنی پێتەختی وڵاتی ئاڵمان لە لایەن ڕێژیمی ترۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر و شەهید کران بەڕێوەچوو |  |
| ٢٠ | ١٩ی سێپتامبری ٢٠١٥ | بە بۆنەی ٢٣ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی و هاورێیانی بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان سمینارێکی سیاسی بۆ بەرێز کاک عەبدوڵلا حیجاب، تێکۆشەری دێرینی دێموکرات و چالاکی سیاسی لە ژێر ناوی " کۆماری ئیسلامی و تێرۆری میکۆنۆس" بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەری حیزب و ڕێکخراوەکان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەبرد. |   |
| ٢١ | ٢٠ی سێپتامبری ٢٠١٥ | لەسەر بانگێشتی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیانیانی سیاسیو عەقیدەتی لە ئێران، ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پاریس بەبەشدارییان لە خۆپێشاندانێک بۆ پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی لە ئێران لە مەیدانی باستیل لەشاری پاریس بەڕێوەچوو. |  |
| ٢٢ | ٢٠ی سێپتامبری ٢٠١٥ | ژمارەیەک لە ئەندامانو دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دانیشتووی پاریس بە ئامادەبوون لەسەر گڵکۆی شەهیدان دوکتور شەرەفکەندی، هۆمایون ئەردەلانو فەتاح عەبدوڵی پەیمانی وەفایان لەگەڵ شەهیدانی ٢٦ ی خەرمانان نوێ کردەوە. |  |
| ٢٣ | ٢٠ی سێپتامبری ٢٠١٥ | پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر گەشت و هەڵسووڕانیان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەم جارە لە ناوچەی نەغەدە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵک بەرەورۆو بوون. |  |
| ٢٤ | ٢٠ی سێپتامبری ٢٠١٥ | کۆمیتە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کەرتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە "فیرفەکەسی ویرجینیا" بۆ ئاڵوگۆڕی بیرورا و نزیکایەتی زیاتر لەگەڵ یەکتری دا پێکەوە کۆبوونەوە. ئەو کۆبوونەوە زیاتر لە ٢ کاتژمێری خایاند، |  |
| ٢٥ | ٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٥ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٦٤٤ ، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، تایبەت بە پرسی ژنان و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزبی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بڵاو کرایەوە. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com


| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٦ | ٢٣ی سێپتامبری ٢٠١٥ | پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی جێژنی قوربان : بە بۆنەی هاتنەوەی جێژنی قوربان، پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی خوشکو برا موسوڵمانەکان دەکەمو هیواخوازم جێژنی قوربان و هەموو جێژنە ئاینیە جیاوازەکانی کوردستان ببنە هۆکارێک بۆ ئاشتیو تەبایی لە نێو خەڵکی کوردستاندا. |  |
| ٢٧ | ٢٥ی سێپتامبری ٢٠١٥ | ژمارە ١٥٩ی دنیای منداڵان چاپ و بڵاو کرایەوە، گۆڤاری دنیای منداڵان، بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە کە ڕێکخراوی منداڵ پارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو دەکاتەوە. |  |
| ٢٨ | ٢٦ی سێپتامبری ٢٠١٥ | بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکانیی سیاسیی کورد و ئێرانی ڕێورەسمێک بۆ بەخاکسپاردن و ڕێزگرتن لە خەباتکارێکی دێرینی ڕێگای ئازادی و هاوکار و دڵسۆزێکی فیداکاری خەباتکارانی کورد، دوکتور داریوش زەند ناسراو بە دوکتور سەعید بەڕێوەچوو. |  |
| ٢٩ | ٢٦ی سێپتامبری ٢٠١٥ | بۆ بەرزراگرتنی یادی شەهید هەژار قاسمی و لە یەکەم ساڵرۆژی شەهیدبوونیدا، پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەکانی شنۆو نەغەدە، پەیمانی وەفا لەگەڵ شەهیدانیان لەسەر مەزاری ئەو شەهیدە نوێکردەوە. |  |
| ٣٠ | ٢٧ی سێپتامبری ٢٠١٥ | هەیئەتێک پێکهاتوو لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حدکا بە سەرۆکایەتیی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتی ، سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزب بە سەرپەرستیی ڕێزدار خالید عەزیزی سکرتێری گشتی، پێشوازیی لێکرا. |  |
| ٣١ | ٢٨ی سێپتامبری ٢٠١٥ | لەسەر بانگهێشتی ڕەسمی حیزبی کرێکاری بریتانیا (لیبەرپارتی) هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا پێکهاتوو لە هاوڕێیانی مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزب لەو وڵاتە و کاک کەیوان شیرزاد ئەندامی کومیتەی حیزب، لە ڕێورەسمێکی تایبەت دا کە بە بۆنەی ڕۆژی نێونەتەوەی ئەم حیزبە لە کۆنفرانسی سالانەیان لەشاری برایتۆن ساز کرابوو بەشداریان کرد. |  |
| ٣٢ | ٣٠ی سێپتامبری ٢٠١٥ | گۆڤاری ژمارە ٤١ی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان به کۆمەڵەیەک بابەتی هەمە ڕەنگ چاپ و بڵاو کرایەوە. |  |
| ٣٣ | ٣٠ی سێپتامبری ٢٠١٥ | بەڕێز مستەفا مەولوودی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو جێگری سکرتێری حیزی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ "باس نیوز گوتی: لە نوێترین کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسیی دوولایەنەدا لایەنی حدکا پێشنیارێکی نوێیان بووەو نێوەرۆکی پێشنیارەکەی ئەوان ئەمەیە کە ئەوان وایا پێ باشە کۆنگرەی ١٦ی حیزب بە ڕێککەوتن ببەسترێ، بەڵام پێشتر هەموو کارەکانی کۆنگرە کرابن. |  |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا




سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com




| لاپەرەی : ١ | مانگی ئۆکتۆبری : ٢٠١٥ | | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥ | شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە کۆنفڕانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاری بریتانیا دا، لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵێک حیزب و لایەنی سیاسی دیدارو چاوپێکەوتنی کرد. |  |
| ٢ | ١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥ | بەڕێز مستەفا مەولوودی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و جێگری سکرتێری حیزی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ "باس نیوز گوتی : لە نوێترین کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسیی هەر دوولا بە جیددی کار بۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات دەکەین. |  |
| ٣ | ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥ | کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بە بەشداریی نوێنەرانی چەندین وڵاتی ئورووپاییو هەروەها دەستەی بەرێوەبەری ئەو رێکخراوەیە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. |  |
| ٤ | ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥ | لە ڕیورەسمێکدا لە شاری ستۆکهۆلم کە لە لایەن چەند حیزب و رێکخراوی کورد، بەلووچ و فارس یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ رۆژی جیهانیی مامۆستا رێک خرابوو. لە چوارچێوەی ئاکسیۆنێک پشتیوانی خۆیان لە مامۆستایانی نێوخۆی ئێران راگەیاند. |  |
| ٥ | ٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥ | لەو ڕێورەسمەدا بە بەشداریی دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لە فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی دەورەی ٢١٣ ڕێورەسمێکی پێکهێناو لەو ڕێورەسمەدا شانازیی پێشمەرگە بوونی بە پۆلێکی دیکە لەلاوانی کوردستان بەخشی. |  |
| ٦ | ٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥ | هەیئەتێکی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی سۆران نوری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی، و بە هاورێیەتیی کەریم مەهدەوی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سلێمانی سەردانی محەممەد مرادی دوای کێشانی ٢٠ زیندان ئازاد کرا لە کەمپی باریکەیان کرد. |  |
| ٧ | ٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥ | بە بەشداری ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتیی و هەروەها بەرێوەبەرانی کۆمیتەی شارەکان، شەشەمین کۆبونەوەی بەرێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بنکەی ناوەندی یەکیەتیی لاوان لە کۆیە بەرێوە چوو. |  |
| ٨ | ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥ | ژمارەی ٦٦٥ی رۆژنامەی کوردستن، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە لایەن کۆمێسیۆنی چاپەمەنی حیزبەوە بڵاو کرایەوە. لەو ژمارە نوێیەی کوردستان دا چەندین بابەت و وتاری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هەروەها هەواڵی کاروچالاکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پارێزەرانی رۆژهەلاتی کوردستان بەرچاو دەکەون. |  |
| ٩ | ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥ | کۆمەڵەی سوئێدی کوردی بە هاوکاری کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمیتەی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە شاری ئۆرێبروو،ی وڵای سوید، شەوئاهەنگێکی کوردیان بۆ کوردانی هەرێمی ئۆرێبروو پێک هێنا کە لەگەڵ پێشوازی گەرمی کوردانی ئەو هەرێمە بەرەوروو بوو. |  |
| ١٠ | ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥ | لەسەر بانگهێشتی فەرمی کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاورێ ناسر قادرپوور، بەرپرسی بەشی پێوەندییە بیانییەکان بۆ سمینارێکی سیاسی لە سەر ئیسرائیل و دۆخی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست بە بەشداری " رافائێل شوتز" باڵوێزی ئیسرائیل و نووسەری بەناوبانگی ئیسرائیلی " بێن روود یەمینی" لە نۆروێژ. |  |
| ١١ | ١١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥ | دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر رووداوە خوێناوییەکان ئەم دوایانەی باشووری کوردستان دەربرێوە.لەو بەیاننامەیەدا هاتوە کە بانگەوازی ئێمە بۆ هەموو لایەنەکان وشیاری، پشوودرێژی، هەستکردن بە بەرپرسایەتی و پەنابردن بۆ دیالۆگو دانیشتن و رێککەوتن لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەیی و گشتییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستانە. | |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ۱۲ | ١ای ئۆکتۆبری ۲۰۱۵ | بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکی تایبەت دا لە گەڵ کاناڵی تلویزیۆنیی (کەی. ئێن. ئێن) لە پێوەندیی لە گەڵ چەند پرسێکی تایبەت بە حیزبی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان روانگە و بۆچوونەکانی خستە روو. |  |
| ۱۳ | ١ای ئۆکتۆبری ۲۰۱۵ | دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی لە بەیاننامەیەک هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر ڕووداوە خوێناوییەکەی چەند ڕۆژی ڕابردوو لە ئانکارا دەربڕیوەو دەڵێ: هیواداریین دەستەکانی پشتی ئەم کردەوە تیرۆریستیانە ئاشکراو ڕیسوا بکرێن. | |
| ۱۴ | ١۲ای ئۆکتۆبری ۲۰۱۵ | لە وڵاتی بلژیک سمینارێک بۆ باس لەسەر چۆنیەتیی ئەمنیەت و گەشە لە ناوچەی ستراتژیکی قەفقاز بەڕێوەچوو.کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا لەسەر بانگهێشتی بەڕێوەبەرانی ئەم سمینارە بەشداریی تێدا کرد. |  |
| ۱۵ | ١۲ای ئۆکتۆبری ۲۰۱۵ | بەشداریی ئەندامانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئاڵمان لە خۆپیشاندانێک کە لە شاری کۆڵنی ئاڵمان بۆ مەحکومکردنی سیاسەتی ئێعدام و سەرکوتی خەڵک لە ئێران بەهۆی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەچوو. |  |
| ۱۶ | ١۳ای ئۆکتۆبری ۲۰۱۵ | شاندێکی پێوەندییەکانی پارتی یەکێتی دێمۆکراتی " پە.یە.دە " لە هەولێر پێکهاتوو لە یاسین کۆبانی و ئالان سلیڤی سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە هەولێر کرد و لە لایەن ئیبراهیم زێوەیی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و حسن کاکیلی، کادری پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر پێشوازییان لێ کرا . |  |
| ۱۷ | ١۸ای ئۆکتۆبری ۲۰۱۵ | کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری تورکۆی وڵاتی فینلاند بە بەشداری ئەندامانی یەکیەتی لاوان بە ساتێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. |  |
| ۱۸ | ۲۰ی ئۆکتۆبری ۲۰۱۵ | دەستەی ستافی ریکخراوی ئاسۆی خیرخوازی بە سەرپەرەستی بەڕێز کاوە مەولوود لە لایەن بەڕێز حەسەن کاکیلی کادری دەفتەری نوێنەرایەتی حێزب لە هەولێر پێشوازی لێ کرا. |  |
| ۱۹ | ۲۲ی ئۆکتۆبری ۲۰۱۵ | لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، کاک خالید عەزیزی لە پێوەندی لە گەڵ چەند پرسێکی سیاسیی رۆژدا، سیاسەت و هەڵویستی حیزبەکەی هێنایە بەر باس. | |
| ۲۰ | ۲٤ی ئۆکتۆبری ۲۰۱۵ | بەشداری کۆمیتەی نۆرویژی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ڤێستیواڵی نەتەوە جیاوازەکان کە لە شاری لیللەسترۆم لە پارێزگای ئاکەشهوس بە بەشداریی بەشێکی زۆر لە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێ لەم پارێزگایە فێستیواڵێکی کولتووری بەڕێوە چوو. |  |
| ۲۱ | ۲٤ی ئۆکتۆبری ۲۰۱۵ | هەیئەتیکی پارتی کریکارانی کوردستان (کۆما جڤاکێن کوردستان) بە سەرپەرستیی سەرحات ڤارتو، ئەندامی سەرکردایەتی کەجەکەو هاوڕێیەتیی مەروان رۆژڤان و جەمال ئەرداڵ لە پەیوەندییەکانی کەجەکە لە هەریمی کوردستان سەردانی سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کردو لە لایەن هەئیەتکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسی؛ ئیبراهیم زێوەیی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و حەسەن خۆشکەلام، ئەندامی موشاویری کومیتەی ناوەندیەوە پێشوازی کران. |  |
| ۲۲ | ۲٥ی ئۆکتۆبری ۲۰۱۵ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٦٦، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و پەیوەندی دا بە پرسی ژنان و هەروەها بەیاننامە و ڕاگەیاندراوە فەرمییەکان و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بڵاو کرایەوە. |  |
| ۲۳ | ۲٥ی ئۆکتۆبری ۲۰۱۵ | بە شداری شاندێکی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان ،لە کۆبوونەوەیەک بە بەشداری نوێنەرانی زۆربەی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە وڵاتی دانمارک، لە شاری بروندبی. |  |
| ۲۴ | ۲٦ی ئۆکتۆبری ۲۰۱۵ | هەیئەتێکی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی سۆیلا قادری، سکرتێری ئەو ریکخراوەیە سەردانی سکرتاریەتی یەکیەتیی ژنانی کوردستانی لە سلێمانی کردو؛ لەلایەن شاندی خانەخوێ بە سەرپەرستیی کافیە سلێمان، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ۲۵ | ۲۸ی ئۆکتۆبری ۲۰۱۵ | پەیامی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی جێژنی خاوەنکار : جێژنی خاوەنکار، جێژنی ئایینیی یارسانەکان لە کوردستان بۆنەیەکی مێژوویی و پیرۆزی بەشێک لە نەتەوەی کورد لە نیشتمانی کوردستانە. | |
| ۲۶ | ۲۹ی ئۆکتۆبری ۲۰۱۵ | گۆڤاری لاوان ، ژمارە ٥٨ – ٥٧ لە بڵاوکراوەکانی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاو کرایەوە. |  |

https://serchawe.com

| | | |
|---|---|---|
| ٢٧ | ٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥ | هەڵوێستمان سەبارەت بە مووشەکبارانی کەمپی لیبرتی : ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەم هێرشی نوێیە بۆ سەر کەمپی لیبرتی، داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان دەکەین کە بە بەدواداچوون و فشارهێنانی خۆیان، حکومەتی عیراقی لە بەرامبەر بەرپرسایەتییە ئەخلاقی و سیاسی و قانوونییەکانی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ پاراستنی گیانی ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدین دابنێن و ڕێگە نەدرێ جینایەتی لەم چەشنە جارێکی دیکە دووپات بێتەوە. |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا







سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com






| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی نوامبری ٢٠١٥ | بەشداری هەیئەتێکی کومیتەی ح د ک لە بریتانیا لە پرسەی فەهمی دەمیر، ئەندامی ڕێبەری **PSK** باکوورلە بنکەی کۆمکار ڕێوڕەسمێکی پرسە و سەرەخۆشی بۆ بەرێز فەهمی دەمیر کادری ڕێبەری حیزبی سۆسیالیستی باکووری کوردستان لەلایەن کومیتەی ئەو حیزب لە وڵاتی بریتانیا بەڕێوەچوو. |  |
| ٢ | ٣ی نوامبری ٢٠١٥ | هەیئەتێکی ژنێڤاکاڵ سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کردو لەلایەن هەیئەتیکێ حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە کەماڵ کەریمی و حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسی و برایم چووکەڵی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندییەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٣ | ٥ی نوامبری ٢٠١٥ | بەیاننامە : هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەمان بۆ ئاکامەکانی هەڵبژاردنی پارڵمانیی تورکیە: حیزبی دیموکراتی کوردستان هیوادارە ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە بەر لە هەموان هاندەری حیزبی دادو گەشە پێدان و بە تایبەتی سەرکۆماری تورکیەو سەرۆک وەزیری ئەو وڵاتە بۆ چارەسەری ئاشتیانەو دادپەروەرانەی پرسی کورد. | |
| ٤ | ٧ی نوامبری ٢٠١٥ | ژمارەی ٦٦٧ی ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئەدەبی، ئابووری، بەیاننامە و ڕاگەیاندراوە ڕەسمییەکانی حیزب و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٥ | ٨ی نوامبری ٢٠١٥ | شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر بە سەرپەرستی ئیبراهیم زێوەیی‌و هاوڕێیەتیی حسن کاکیلی سەردانی بارەگای یەکیەتیی نەتەوەیی دێمۆکراتی کوردستانیان کردو لە لایەن غەفور مەخموری، سکرتێری گشتی‌و دوکتۆر شاخەوان خالید، ئەندامی کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکیەتیی نەتەوەیی دێمۆکراتی کوردستانەوە، پێشوازییان لێکرا . |  |
| ٦ | ١٢ی نوامبری ٢٠١٥ | هەیئەتێکی ناوەندی ئاشتی‌سازی نۆروێژ، پێکهاتوو لە هێنریک توونێ، جێگری سەرۆکی ناوەندی ئاشتی‌سازیی نۆروێژ "NOREF" و کریستیان دووگێ، لێکۆڵەرو ڕاوێژکاری بەرزی "NOREF" بە هاوڕێیەتی عەبدوڵڵا حیجاب، کەسایەتی سیاسی, سەردانی سکرتاریای حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیان کردو لە لایەن هەیئەتی حیزب پێکهاتوو لە مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان‌و، هەژیر عەبدوڵڵاپوور ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە پێشوازییان لێکرا. |   |
| ٧ | ١٤ی نوامبری ٢٠١٥ | پەیامی هاودەردیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ دەوڵەت و گەلی فەڕانسە سەبارەت بە هێرشە تێرۆریستییەکانی پاریس: ئێمە وەک کوردو وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هەم خۆمان بە دۆستی ئێوە دەزانین و هەم زۆر جار بۆخۆشمان بووینەتە قوربانیی تێرۆریزم، زۆر باش هەست بە ئازاری ئەو بەربەرییە دەکەین کە دوێنێ لە پاریس ئەنجام دراوە. |  |
| ٨ | ١٤ی نوامبری ٢٠١٥ | پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ئازادکرانی شەنگالەوە: دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە سەرۆکی هەریم و حکومەتی هەریمی کوردستان و خەڵکی باشووری کوردستان بە گشتی و، خوشک و برا کوردە ئێزدییەکانی شەنگاڵ بە تایبەتی دەکا. | |
| ٩ | ١٥ی نوامبری ٢٠١٥ | دانانی پەیام و چەپکە گوڵی ڕێزلێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گیانبەختکردوانی هێرشە تێرۆریستییەکانی پاریس، لە بەردەم باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە لە دانمارک، |  |



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠ | ١٦ای نوامبری ٢٠١٥ | حیزبی دێموکرات مەسیحی و حیزبی چەپ لە نۆورێژ سمێنارێکیان سەبارەت بە پەنابەران لەو وڵاتە پێکهێنا. لەو سمینارە دا کە بەرپرسی پێوندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بانگهێشت کرابوو، |  |
| ١١ | ١٧ای نوامبری ٢٠١٥ | شاندێکی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەیی و حەسن کاکیلی سەردانی نوێنەرایەتیی پارتی دێمۆکراتی گەلان "HDP" یان کردو لە لایەن "شیلان محمد امین ئوغلو" و "عابد ئیکە"، بەرپرسانی هادەپەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ١٢ | ٢١ی نوامبری ٢٠١٥ | چواردەهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردەراوی کۆنگرەی ١٥ای حیزب کە بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، دوای دوو ڕۆژکاری بەردەوام کۆتایی بە کارەکانی هێنا. |  |
| ١٣ | ٢٣ی نوامبری ٢٠١٥ | ژمارەی ٦٦٨ ی ڕۆژنامە کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بابەت و وتاری سیاسی، بەیاننامە و راگەیایەندراوە رەسمییەکانی حیزب و هەواڵی کاروچالاکیەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بڵاو کرایەوە. |  |
| ١۴ | ٢٣ی نوامبری ٢٠١٥ | هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب و، بە هاوڕێیەتی ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە هەولێر لە کۆڕیادی خاتوو دانیەل میتران، دۆستی دێرین و بە ئەمەگی کورد بەشدارییان کرد کە لەلایەن کۆمەڵەی دۆستایەتیی کورد - فرانسە لە شاری هەولێردا ڕێک خرابوو. |  |
| ١٥ | ٢٥ی نوامبری ٢٠١٥ | یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ی نوڤامبر ڕۆژی بەرنگاربوونەوەی توندو تیژی دژی ژنان سمینارێکی بۆ دوکتور ناسر سیمایی، دەروونناس و مامۆستای زانکۆ پێکهێنا. |  |
| ١٦ | ٢٥ی نوامبری ٢٠١٥ | پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی بەرەنگاری توندوتیژی دژی ژنان : بە هیوای هاتنەدی کۆمەڵگایەکی یەکسان و دادپەروەر بێ جیاوازی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا. | |
| ١٧ | ٢٥ی نوامبری ٢٠١٥ | شاندێک لە لێژنە ناوچەی بەرانەتی پارتی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک هێرش سەردانی ناوەندی ٣ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کردو لەلایەن شاندی حیزبی بە سەرپەرستیی لوقمان موئمێنی، بەرپرسی ناوەندو سۆفی ئەحمەد و ئەحمەد قازی، ئەندامانی ناوەندەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ١٨ | ٢٥ی نوامبری ٢٠١٥ | لە سەر بانگهێشتی "وەقفی ئیسماعیل بێشکچی" شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەیی و حسن کاکیلی لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی لقی دەزگای ئیسماعیل بێشکچی لە هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستاندا، بەشدار بوون. |  |
| ١٩ | ٢٦ی نوامبری ٢٠١٥ | یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی حەوتووی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی دژی ژنان سمینارێکی لە ستۆکهۆلم، پێتەختی سۆئێد بۆ خاتوو زیبا سەروەری و خاتوو خەندان حەمەجەزا پێک هێنا. |  |
| ٢٠ | ٢٧ی نوامبری ٢٠١٥ | بەشداریی بەڕێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری کۆبونەوەی شورای ئەنترناسیونالی سۆسیالیست لە لواندا، پایتەختی ئانگۆلا. |  |
| ٢١ | ٢٧ی نوامبری ٢٠١٥ | ئەندامەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ئەنترناسیونال سوسیالیست بە ڕەسمی ڕاگەیەندرا : بە بەشداریی بەڕێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزب لە ڕێکخراوی ئەنترناسیونالی سوسیالیست، ئەندامەتیی تەواو وەخت حیزبی دێموکراتی کوردستان و چەندین پارت و ڕێکخراوی دیکە ڕاگەیاندرا. |  |
| ٢٢ | ٣٠ی نوامبری ٢٠١٥ | لە لەسەر بانگهێشتنی سەنتەری گەنجانی کۆیە کۆڕەشێعرێک بۆ ڕێزلێنان لە خۆڕاگری "پێشمەرگە"، بەشداریی چەند شاعیری حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک ئەحمەدی قادری، خاتوو سوهەیلا قادریو کاک عەلی لەیلاخ کە بۆ ئەو کۆڕە بەرهەمە شێعرییەکانی خۆیان پێشکێش کرد. |  |
| | | | |


سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com




| لاپەڕەی : ١ | مانگی دێسامبری: ٢٠١٥ | | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی دێسامبری ٢٠١٥ | هەیئەتێکی ڕێکخراوی نۆروێژیی بەرگری لە مافی پەنابەران سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کردو لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازی‌یان لێکرا |  |
| ٢ | ١ی دێسامبری ٢٠١٥ | کۆمیسیۆنی پەروەردەو فێرکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆڕێکی بۆ خاتوو شەهین بایەزیدپوور، پێشمەرگەی بەشی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکڕات بەبەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب پێکهێنا. |  |
| ٣ | ٤ی دێسامبری ٢٠١٥ | سپاسنامەی سکرتێری گشتیی حدک بۆ لوئیس ئەیالا لە پێوەندی لەگەڵ وەرگیرانی حیزب وەک ئەندامی ئەسلیی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیت : بە پێویستی دەزانم لە لایەن خۆم و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، وێڕای پێزانینو قەدرزانی لە هاوکاری‌یەکانی جەنابت، دڵنیاتان بکەم کە وەرگیرانی حیزبی دێموکڕات بە ئەندامی تەواوهەقی ئەنتەر ناسیۆنالی سۆسیالیست هەم دەبێتە مایەی دڵگەرمی بۆ تێکۆشەرانی حیزبو هەم پێوەندیی حیزبەکەمانو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەگەڵ ئەنتەرناڵی سۆسیالیستو خەبات لە پێناوی بایەخەکانی‌دا چالاکتر دەکا. |   |
| ٤ | ٧ی دێسامبری ٢٠١٥ | ژمارە ٦٦٩ی ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەت و نووسراوەی سیاسی، ئابووری، ئەدەبی و ڕۆشنبیری و تایبەت بە کۆمەڵگە و پرسی ژن و هەروەها بەیاننامە و ڕاگەیەندراوە فەرمییەکانی حیزب و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناو و دەرەوەی وڵات، کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٥ | ١٠ی دێسامبری ٢٠١٥ | لێژنەی پێوەندییە سویدییەکانی کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، پێکهاتوو لە هاوڕێیانی عەزیز سەیدنژادیان بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کومیتە و هاوڕێیەتی موژدە عەزیز و چنوور ئەکبەرپوور، لەگەڵ بەڕێز یایمۆرتۆن لۆفبەری بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانیەکانی حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی سوئێد و بەڕێز ئاننا لێنا سۆرنسسۆن ئەندامی پارلەمان و بەرپرسی تۆڕی پەیوندییەکانی پارلەمانی سوید لەگەڵ کوردان، لە شوێنی پارڵمانی سوئێد کۆبوونەوە. |  |
| ٦ | ١٠ی دێسامبری ٢٠١٥ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لەبەڕێزان مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب و کاک فەرزاد حیکمەت بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا دیدارێکیان لەگەڵ بەڕێز ئەحمەد شەهید ڕێپۆرتەری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و تیمی هاوڕێی کە بە سەردانێک چبوونە شاری لەندەن پێکهێنا. |  |
| ٧ | ١٠ی دێسامبری ٢٠١٥ | بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی " وشە"دا بە ئاماژە بە ئاڵوگۆڕە سیاسی‌یەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەڵێ: حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیانتوانیوە گوتارێکی یەکگرتوویان هەبێ و، تا ئێستاش ئورووپاو ئەمریکا پەروەندەیەکیان بە ناوی کوردی ئێران نەکردۆتەوە. |  |
| ٨ | ١٠ی دێسامبری ٢٠١٥ | شاندێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزب و بە هاوڕێیەتی ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە هەولێر سەردانی کۆنسۆلگەریی گشتیی کۆماری ئاڵمانی فێدراڵ‌یان لە هەولێر کردو لە لایەن "مارک ئایشهۆرن " ، سەرکۆنسۆلی گشتیی تازەی ئەو وڵاتەوە پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ٩ | ١١ی دێسامبری ٢٠١٥ | یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هاوکاریی کۆمسیۆنی ئامووزش کۆڕێکی بۆ عەلی لەیلاخ بۆ باس کردن لەسەر ئەدەبیاتی بەرەنگاریی بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ئەندامی یەکیەتیی لاوان و کادرو ئەندامانی حیزب بەرێوەچوو، |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠ | ١١ی دێسامبری ٢٠١٥ | ئەنـداماں و لایـەنگرانی حیزبـی دێموکرات لە مەریـوان و بۆکـان بـە بۆنـەی ڕۆژی پێشمەرگە بە بڵاو کـردنەوەی وێـنەی ڕێبەرانی شەهید، دروشم و تـراکتی تـەبلیغیی ئەم ڕۆژەیان بەرز نرخاند. |  |
| ١١ | ١٢ی دێسامبری ٢٠١٥ | ئەنداماں و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوان بە بۆنـەی ٢٦ی سـەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و ڕۆژی هەڵکرانی ئـاڵای کوردستان بە چالاکیی تەبلیغی لە شاری سەدەشت یـادو بیرەوەریی حیماسـەی هێـزی پێشمەرگەو شەهیدانی کوردستانیان بەرزڕاگرت کە لە پێناو شەکانەوەی ئاڵای کوردستان دا گیانیان فیدای نیشتمان کرد. |  |
| ١٢ | ١٢ی دێسامبری ٢٠١٥ | کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمار ک بە مەبەستی بەرز ڕاگرتن و پیرۆز کردنی ڕۆژی هەڵکردنـی ئـاڵا و پێشمەرگەی کوردستـان، ڕێورەسمێکی پـڕ شکۆی بـە ئـامـادە بـوونی ژمـارەیەکی زۆری ئەنـداماں و لایەنگـران و دۆستـانی حیزب هەروەها نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەڕێوەبرد. |  |
| ١٣ | ١٥ی دێسامبری ٢٠١٥ | بۆنـەی ٣١ سـاڵەی نـاودێرکردنی ٢٦ی سـەرماوەز بـە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستـان، یەکیـەتـی لاوان لـە شـاری ڕەبـەت بـۆ ڕیزگرتن لە حەماسەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبڵاو کردنەوەی دروشم و تـراکتـی تـەبلیغی و نووسینی دروشم لە سەر بەفر بەرەو پیلی ٢٦ ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە چوون. |  |
| ١۴ | ١٥ی دێسامبری ٢٠١٥ | بە بۆنـەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستـان و ڕۆژی ئـاڵا، ئەنـداماں و لایـەنگرانی حیزبـی دێـموکراتی کوردستان لـە شـاری سەردەشت لە گەڕەکی سەرچاوە و سینەما بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی ڕێبەرانی شەهیدو دروشمی پێوەندیدار یـادو بیرەوەریی پێشمەرگەو حەماسەکانی پێشمەرگەیان بەرز ڕاگرت. |  |
| ١٥ | ١٥ی دێسامبری ٢٠١٥ | شـاندێکی نـوێنەرایەتیی پـارتی دێمۆکراتی گەلان " هـادەپ " لە هەرێمی کوردستان، پێکهـاتوو لە شیلان محەمەدئـەمین ئوغلـو و عابیـد ئـیکە سـەردانی نـوێنەرایەتیی حیزبـی دێـمۆکراتی کوردستان لە هەولێریـان کـردو لەلایەن هەیئـەتی نوێنەرایەتی حیزب لە هەولێر، ئیبراهیم زێوەیی و حسن کاکیلیەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ١۶ | ١٥ی دێسامبری ٢٠١٥ | کۆمیسیۆنی لێکۆڵینـەوەو فێرکردنـی حیزبـی دێـموکڕاتی کوردستـان لـە درێـژەی کـۆڕو کۆبوونـەوە سیاسـی، فەرهـەنگی و ئەدەبی‌یـەکانی دا کـۆڕێکی بـۆ خوێندنـەوەو هەڵسـەنگاندنی ڕۆمـانی "بەسـەرهاتی خۆشەویستی‌یەک" لـە نووسینی خـاتوو نەسرین یوسف‌زادە، پێشمەرگەی حیزب پێکهێنا. |  |
| ١٧ | ١٦ی دێسامبری ٢٠١٥ | ناوەندی هەوڵی دەرەوەی وڵات : بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوە، ٧٠هەمین ساڵەوەگەڕی هەڵکردنی ئاڵای سەربەرزی کوردستان و دامەزرانـی هێـزی پێشمەرگەیە کوردستان لە شـاری مەهـابـاد، جوانترین و ڕازاوەتـرین پیرۆزباییەکـانی خۆمـان ئـاراستەی هەمـوو خەڵکـی خـۆڕاگری کوردستـان، بنەمـاڵەی سـەربەرزی شـەهیدان، زینـداییە خۆڕاگرەکـانی نـاو بەنـدیخانەکانی داگیرکەرانی کوردستان، هەموو پێشمەرگە خۆراگرەکانی کوردستان، بە تـایبەت ئەنداماں، کادر و پێشمەرگە قارەمانەکـانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین. |   |
| ١٨ | ١٦ی دێسامبری ٢٠١٥ | شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەیی و حسن کاکیلی سەردانی نـوێنەرایەتیی هەرێمـی کوردستـانی ئەنجـومەنی نیشـتمانی کـورد لە سـوریەیان لە شـاری هەولێـر کـردو لەلایەن شـاندێکی میـوان بە سەرۆکایەتیی" بێهجت بەشیر" ەوە پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ١٩ | ١٧ی دێسامبری ٢٠١٥ | ئەنداماں و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ئـاوایی نـێ لە مەریـوان بە بۆنـەی ڕۆژی پێشمەرگە بە بڵاوکـردنەوەی وێـنەی شەهیدانی ڕێبەرو تـراکت و دروشمی حیزبی چالاکیی تبلیغی کراوە.چالاکیی تـەبلیغی‌یان کرد. |  |
| ٢٠ | ١٧ی دێسامبری ٢٠١٥ | پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبـۆنەی ٢٦ ی سەرماوەز : پیرۆزبـایی ٢٦-ی سـەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و ڕۆژی هەڵکردنـی ئـاڵای کوردستان لەسەرجەم پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان، بەتـایبەت لاوانـی پێشمەرگەی کوردستـان دەکەم و هیـوادارم وەکـوو هەمیشە لاوان داینەمۆی هەستی نەتـەوەیـی و هەوێنـی ئـارامی و ئاسۆی گەیشتنی کوردان بەئـاواتە دێرینەکەیان واتـا سەربەخۆیی کوردستان بن. |  |
| ٢١ | ١٧ی دێسامبری ٢٠١٥ | مـاڵپەڕی کوردستـان و کـورد : بە بۆنـەی ٢٦ی سـەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستـان و ڕۆژی هەڵکرانـی ئـاڵا، گەرمتـرین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە هەموو پێشمەرگە فیداکار و گیان لەسەردەستەکانی کوردستان و بە تـایبەت پێشمەرگەکانی نێوسەنگەر و پێشمەرگەکانی نێوزیندانەکان دەکەین و هیواداریـن لەسایەی فیداکاریی پێشمەرگەکانی کوردستـان و خەبـاتـی خەڵکی پێشمەرگە پەروەری کوردستان لەدژی داگیرکەرانی کوردستان، |  |
| | | | |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٢ | ١٧ای دێسامبری ٢٠١٥ | لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بۆ ڕێزلێنان لە یادو بیرەوەریی حەماسەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەروەها هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگە، ئەندامان و بنەماڵەی پێشمەرگەکان نیشتەجێ لە بنکەکانی دەوروبەری دفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوەچوو. |  |
| ٢٣ | ١٨ای دێسامبری ٢٠١٥ | بۆ ڕێزگرتن لە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان ، کۆمیتەکانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هاوکاری کۆمیتەی گشتی حیزب لە وڵاتی فینلاند، ڕێورەسمێکی بە شکۆیان لە شاری تورکو پێک هێنا |  |
| ٢٤ | ١٨ای دێسامبری ٢٠١٥ | دیداری تایبەتی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ تەلەفزیۆنی کوردکاناڵ. لەو وتووێژە تایبەتە دا، بەڕێز سکرتێری گشتی حدک، ڕاوبۆچوونی حیزب سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناوچەکە و جیهان دەخاتە ڕوو. |  |
| ٢٥ | ١٩ای دێسامبری ٢٠١٥ | کۆمیتە ناوچەی ئۆستفۆڵدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ بۆ ڕێز گرتن لە ڕۆژی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان و قارەمانەتی و فیداکاری ڕۆڵەکانی گەل واتا پێشمەرگە، بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان، ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕێورەسمێکی بەشکۆ دا ئەو ڕۆژەیان یاد کردەوە. |   |
| ٢٦ | ١٩ای دێسامبری ٢٠١٥ | لەیەکێک لە ساڵۆنەکانی شەنتیلی ڤیرجینیا، بە بەشداری ئەندام و دۆستانی حیزبی و نوێنەری بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی نێشتەجێی ئەو دەڤەرە، ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان بەرز ڕاگیرا. |  |
| ٢٧ | ١٩ای دێسامبری ٢٠١٥ | هونەرمەندەی گەورەی کورد حاجی مەکی عەبدووڵا کۆچی دوایی کرد: ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو ئەکتەر و هەنەرمەندە ناوداری گەلەکمان، پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاڕاستەی بنەماڵە و کەس و کاری و خەڵکی کوردستان بە گشتی دەکات. |  |
| ٢٨ | ١٩ای دێسامبری ٢٠١٥ | کومیتە ناوچەی ڕۆگالاند،ی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی پێشمەرگەو ئالاو شەوی یەڵدا، بە بەشداری ئەندامانی حیزب، یەکێتی لاوان و یەکێتی ژنان و بەشێکی بەرچاو لە کوردانی نیشتەجێی ئەو ناوچەیە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بەڕێوەبرد. |  |
| ٢٩ | ٢١ی دێسامبری ٢٠١٥ | پەیامی سەرەخۆشیی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند عەبدوڵڵا ماچکەیی سەرەخۆشیی لە بنەماڵەی ئەو هونەرمەندەو کۆمەڵگای هونەریی کوردستان کرد. |  |
| ٣٠ | ٢١ی دێسامبری ٢٠١٥ | لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی شەوی یەڵدا، شەو زستان و شەوی لە دایکبوونی دوکتور قاسملوو، ڕێبەری گەورەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو. |  |
| ٣١ | ٢٢ی دێسامبری ٢٠١٥ | شاندێکی نوێنەرایەتیی پارتی یەکیەتیی دێمۆکراتی کورد لە سوریە بە سەرپەرستی باقێ سابیر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و نوێنەری ئەو حیزبە لە هەرێمی کوردستان، سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە هەولێر کردو لە لایەن ئیبراهیم زێوەیی و حەسەن کاکیلی یەوە، پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٣٢ | ٢٣ی دێسامبری ٢٠١٥ | هەڵوێستمان بەرامبەر ڕووداوە خوێناوییەکانی ئەم دوایانەی باکووری کوردستان : حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەنگی نارەزایەتیی خۆی تیکەڵ بەهەموو ئەو دەنگانە دەکا کە دژی سەپاندنی ئەم دۆخە نوێیە بەرز بوونەوە و لەم بارودۆخە دڵتەزینە دا هاوخەمی و هاوپیوەندیی خۆی لە گەڵ خەڵکی باکووری کوردستان ڕادەگەیەنێ. | |
| ٣٣ | ٢٣ی دێسامبری ٢٠١٥ | ٦٧٠هەمین ژمارەی کوردستان، زمانیحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمڵێکی بابەتی سیاسی، ئابووری، ئەدەبی، و کۆمەڵایەتییەوە کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. ئەم ژمارە نوییەی کوردستان، جگە لە ڕاگەیێندرا و بەیاننامە ڕەسمییەکانی حیزب، تەرخان کراوە بڵاو کرایەوە، |  |
| ٣٤ | ٣٠ی دێسامبری ٢٠١٥ | پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی جێژنی مەولوود : بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی مەلوود، یادی لە دایکبوونی حەزرەتی محەممەد ( د. خ) پیرۆزبایی بە هەموو موسوڵمانی ئێرانو کوردستان دەڵێم. |  |
| ٣٥ | ٢٨ی دێسامبری ٢٠١٥ | کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ترۆندهایم، ڕێوڕەسمێکی خنجیلانەی بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و ڕۆژی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان، بە بەشداری ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب لەو شارە بەڕێوەبرد. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦ | ٣١ی دێسامبری ٢٠١٥ | پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی : بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی مەسیحییەکانی کوردستان و ئێران بەتایبەت کورد و ئێرانییەکان لەو وڵاتانە دەکەم کە سەری ساڵی زایینی جێژن دەگرن و هیوادارم کە ساڵی نوێیان ساڵێکی پڕ لە خێر و خۆشی و دوورلە شەڕ و نەهامەتیی بێت. |  |
| ٣٧ | ٣١ی دێسامبری ٢٠١٥ | پیرۆزبایی ناوەندی ڕاگەیاندنی ح د ک لە دەرەوەی وڵات بە بۆنەی هاتنی ساڵی ٢٠١٦ی زایینی: بە بۆنەی کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ و هاتنی ساڵی نوێی ٢٠١٦ی زایینەوە، لە لایەن خۆمان و گشت هاورێ و هاوکارانمان لە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، جوانترین و ڕازاوەترین پیرۆزباییەکانی خۆمانتان پێشکەش دەکەین. |   |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا




**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی**

**ڕێکەوتی : ١٣ای بەفرانباری ٢٧١٥ی کوردی / ٣ی ژانویەی ٢٠١٦ی زایینی**

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com